# ئامانجە باڵاكانی پەروەردە

ڕەووف محەمەد ئالانی

چاپی دووەم ٢٠٢٢

**ناسینی کتێب**

- ناوی کتێب: ئامانجە باڵاکانی پەروەردە
- بابەت: وتاری پەروەردەیی
- نوسەر: ڕەووف محەمەد ئالانی
- تایپکردن و هەڵەچن: نوسەر
- دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئارام عوسمان
- تیراژ: (٥٠٠) دانە
- نرخ: ٣٥٠٠دینار
- ساڵی چاپکردن : ٢٠٢٢
- چاپخانەی : چاپخانەی پاندا -سلێمانی

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن (٢١٥٠)ی ساڵی ٢٠٢١ ی پێدراوە

# ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| **پێشکەش بێت** | ٤ |
| **وتەیەکی پێویست** | ٥ |
| **پەروەردە لەنێوان لێوردەیی و شەڕەنگێزیدا** | ٨ |
| پرۆسەی خوێندن و خۆپارێزی | ١٤ |
| بە ئینگلیزی کردنی خوێندن، هەوڵێکی شکستخواردوو | ١٩ |
| چاکسازی بواری پەروەردە، پێویستیەکی هەنوکەیی | ٢٤ |
| چۆن گۆڕانکاری لەپرۆگرامەکانی خوێندن بکرێت؟ | ٣٢ |
| **ڕۆڵی پەروەردەی خێزان، پێش چونە قوتابخانەی منداڵ** | ٣٧ |
| ڕۆڵی پەروەردە، لەبەدیهێنانی شکۆمەندی | ٤١ |
| **ڕۆڵی وانەکانی سرودو موزیك و لەقوتابخانەکاندا** | ٤٨ |
| زمانی دایک لەناو پرۆسەی پەروەردەدا | ٥٣ |
| ئامانجە باڵاکانی پەروەردە | ٦١ |
| ساڵی نوێی خوێندن چۆن دەست پێبکات؟ | ٦٥ |
| **ڕۆڵی پەروەردەی خێزان، پێش چونە قوتابخانەی منداڵ** | ٧١ |
| شپرزەکردنی پرۆسەی پەروەردە و ئاکامەکانی | ٧٧ |
| کام هەڵسەنگاندنی مامۆستایان؟ | ٨٤ |
| گەشە پێدانی پرۆسەی پەروەردە | ٨٧ |
| گرنگیدان بەژینگە، لەپرۆسەی پەروەردەدا | ٩٠ |
| گرنگی چیرۆک لە پرۆسەی پەروەردەدا | ٩٥ |
| لە هەژموونی دەسەڵاتی خۆماڵیدا پەروەردە بەرەو کوێ ؟ | ١٠١ |
| زەردەخەنەیەکی ئێستا، ئومێدێک بۆ ئایندە | ١٠٧ |
| کەسێتی مامۆستا و ڕەنگدانەوەی لەسەر کۆمەڵگە | ١١٢ |
| پەروەردە، لەنێوان بازرگانیکردن و بەها بەرزەکاندا | ١٢٣ |
| پەروەردەی هاوچەرخ و بنەما دروستەکانی | ١٢٩ |
| تاقیکردنەوە،لەترساندنەوە، بۆ پێشوازیکردن | ١٣٤ |
| گوتارو ئاراستە پەروەردەییەکان | ١٤٤ |

پێشکەش بێت بە:

- نەجمەدین مەلا( نوسەرو ئەدیب و پەروەردەکار و خەمخۆری کورد، خاوەنی قوتابخانەی کەشتی نوح

- دڵشاد مەریوانی شەهیدی ڕێگای ئازادی و زمانی کوردی

- نەمرمەلا کاکە حەمەی سیف وڵلاً

- هەموو ئەوانەی لە پێناوی زمانی شیرینی کوردی گیانیان بەختکرد

- ئەو مامۆستایانەی زمانی کوردیان لەلا شیرینکردین.

- گیانی بەرزی ئیبراهیم ئەمین باڵدار بناغە و نەخشەکێشی ئەلف بێی کوردی

# وتەیەکی پێویست

نوسین لەبواری پەروەردە، جیاوازترە لە ژانرەکانی تر، لەبەر ئەوەی پەروەردە، کۆکراوەی هەموو بوارەکان و سێکتەرەکانە، هەر وولاتێک فەلسەفەی پەروەردەکەی ، پێشکەوتوو نەبێت، ئەو وولاتە بە دواکەوتوو، هەژمار دەکرێت، بەپێچەوانەوە، لەهەر وولاتێک گرنگی بەبواری پەروەردە بدرێت ، ئەوە نیشانەی پێشکەوتن و شارستانێتی ئەو گەلەیە، هەرێمی کوردستان، بەهۆی هەلومەرجی جیا جیاو ئاڵۆزی ناوچەکە و نەبوونی سەقامگیری سیاسی و ئیداری ، وەک پێویست نەتوانراوە ئاوڕ لە بواری پەروەردەکەی بدرێتەوە، زۆر فاکتەر بوونە، لەمپەر لەبەردەم ، ئەم پرۆسەیەدا، سەرەتای ڕاپەڕین، کێشانەوەی دامودەزگا ئیداری و کارگێڕییەکان لەلایەن، حکومەتی ئەوسای بەعس، پاشان تووشهاتنی ئەم هەرێمە بەشەڕی نەفرەتلێکراوی ناوخۆ و سەختی دۆخی ئابوری، سەرەڕای ئەو هەموو سەختیانەی ڕووبەڕووی خەڵکی هەرێم بوونەوە، ئەرکی قورستر هاتە سەر شانی حکومەت و خەڵک، ئەویش ئاوەدانکردنەوەی گوندە ڕوخاوەکان بوو، کە ئەرکێکی قورستر بوو، بۆ سەر بواری پەروەردە، چونکە هەمووئەو گوندانە

پێویست بوو، قوتابخانە وخوێندنگەیان تێدا بكرێتەوە، لەگەڵ ئەوەی نەتوانرا، هەنگاوی بەپلان و زانستی بۆ ئەو مەبەستە هەڵبگیرێ، بەلام لەوساتەدا، مەبەستێكی نیشتمانی گەورە بوو بتوانرێ، گرنگی بە گوندەكان بدرێت.

لەگەڵ دروستكردنی كابینەكانی حكومەت و ڕەوینەوەی شەڕی خۆبەخۆی كورد، ئیتر كاتی ئەوە هات ئاوڕێكی باش لە بواری پەروەردە بدرێتەوە، بۆیە زۆر لە دڵسۆزان و خەمخۆرانی بواری پەروەردە، هەوڵەكانی خۆیان خستە گەڕ بە نوسین و سەرنج و ڕەخنە و پێشنیار لەم بوارەدا، تا ئێمەش وەك گەلانی دنیا بتوانین لە كاروانی زانست و زانیاری دوانەكەوین، كە ئەوەش تەنها بە گرنگیدانی پەروەردە دەبێت.

بەندەش وەك هەموو ئەو كەسە خەمخۆرانەی بواری پەروەردە، كە پیشەكەشم، هەر مامۆستایە، لەبواری پەروەردە ئەسپی خۆمم تاودا، لەسەرەتادا بۆ گرنگیدان بە منداڵ و پەروەردە، لەو قوتابخانانەی لێیان مامۆستا بووم، سالآنە ئاهەنگی تایبەت بە بۆنەكانی نەورۆز و ڕاپەڕین و ڕۆژی ئالآو كۆبوونەوەی دایبابەكان، چەندین، سروودو ئۆپەرێتم نوسیوە، هەوڵ ئەدەم لە دەرفەتێكی تردا و لەدووتوێی نامیلكەیەكدا چاپیان بكەم.

ئـەم وتارانـە لـەکاتی جیـاوازدا بـەپێی پێویسـتی و ویسـتی پـەروەردە نوسـراون، لـە ماڵپـەڕو گۆڤـارو ڕۆژنامەکانـدا بـڵاو کراونەتەوە، بەڵام بۆئەوەی زیاتر سودیان لێببینرێـت، لـەدووتوێی ئـەم کتێبـەدا چـاپکران و بـەناوی ئامانجـە باڵاکـانی پـەروەردە، خرانە بەردەستی تۆی خوێنەر، هیوادارم توانیبێتم سـودێکم بـە پەروەردە گەیاند بێت.

## پێشەکی چاپی دووەم

دوای ئەوەی چاپی یەکەمی کتێبی (ئامانجە باڵاکانی پەروەردە) چاپکراو، ناساندن و خوێندنەوەی بۆ ئەنجامدرا، زۆر بەباشی چووە ناو خەڵکەوەو پێشوازی باشی لێکرا، لەماوەیەکی کەمدا، لەناو کتێبخانەکاندا نەما، ئەوە جگە لەوەی چەندین پۆستی لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر کرا، بە گرنگی و بایەخەوە هەڵسەنگاندنی بۆ کرا، جگە لەو چاوپێکەوتنانەی لە کەناڵەکانی تیڤی لەسەر کتێبەکە لەگەڵمدا سازکران و زۆر بەگرنگی و بایەخەوە کاردانەوەی هەبوو- بەتایبەت لەناو مامۆستایان و پەروەردەکاراندا، تەنانەت ، بەڕێز وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پەیوەندی پێوەکردم و بە بایەخەوە باسی کتێبەکەی کرد، دەستخۆشی لیکردم، بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی پارێزگای سلێمانی لەسەر نوسینی کتێبەکەو بەهەند وەرگرتنی ماندووبوونمان ڕێزو سوپاسی ئاراستەکردین، کە مایەی دەستخۆشی منە بۆ ئەوان، لەبەر ئەو هۆکارانە، بڕیارمدا، چاپی دووەمی بکەمەوە، چەند بابەتێکی گرنگ کە دوای چاپی یەکەم نوسیومن، لەسەر پەروەردە، بەباشمزانی بیاخزێنمە ناو دووتوێی چاپی دووەم، چونکە هەموو ئەو بابەتانە، گرنگ و بەبایەخن ، لەناو پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا، هەروەها بەباشمزانی ڕانانێکی کاك (سیروان حەمە ڕەشید) کە لە ڕۆژنامەی

(کوردستانی نویٚ) بلأوکرابۆوە، تایبەت بوو بەو کتێبە، ئەویش وەك خۆی دابنێمەوە، ئەوەی زیاتر هانیدام، چاپی دووەم بکەمەوە، سەرەڕای ئەو هۆکارانەی سەرەوە، پێشوازی گەرمی خوێنەران بوو، زۆر لە هاوڕیٚ و ناسیاوەکانم، داوای کتێبەکەیان لێدەکردم، کە بەردەست نەبوو تەنانەت بۆئەرشیفی خۆشم، نەمتوانی بوو، چەند دانەیەك، گلبدەمەوە، هەولْمداوە چاپی دووەم باشتربێت لەچاپی یەکەم، هەرچەند لەم دۆخە سەختەی ئابوریەدا ئەرکی چاپکردن، بارێکی گرانە بۆسەر شانی نوسەر، بەهیوام توانیبێتم خزمەتێکم بە کتێبخانەی کوردی و پرۆسەی پەروەردە کردبێت.

ڕەئوف محەمەد ئالانی
حوزەیرانی ٢٠٢٢

# ڕانانی کتێبی ئامانجە باڵاکانی پەروەردە

ئەم بابەتە لەڕۆژنامەی کوردستانی نوێ  ژمارە (٨٦٣٧) لە١٧-٥-٢٠٢٢ سێی شەمە بلاوکراوەتەوە

ڕانانی کتێب: سیروان حەمەڕەشید

کتێب: ئامانجە باڵاکانی پەروەردە

نوسینی: ڕووف محەمەد ئالانی

بابەت:  پەروەردەیی

ڕوونەیەکێک لە قەیران و کێشە بنەڕەتییەکانی نێو جڤاتی کوردییدا سێکتەری پەروەردەییە، بۆیە بواری پەروەردە پێویستی بەزۆرترین قسەکردن و لێکولێنەوەی فەلسەفی و زانستی و مەعریفی هەیە ، کاتێک نەتەوە دروست دەبێت و پێدەنێتە پرۆسەی دەوڵەتدارییەوە، گرنگە بەرمەبنای بوونی پەروەرەیەکی ئینسانی و لیبراڵی هەبێت نەوەکانی لەسەربونیاد بنرێت . مامۆستا ئالانی وەک نوسەر و پەروەردەکارێکی خاوەن ئەزمون و مەعریفە کتێبی ئامانجە باڵاکانی پەروەردەی نوسیوە کەخۆی لەبیست وتاری جۆراجۆر دەبینێتەوە.

نوسەر لەپەڕەگرافی پێشەکی دەڵێت:" نوسین لەبواری پەروەردە جیاوازترە لەژانرەکانی تر، لەبەر ئەوەی پەروەردە کۆکراوەی هەموو بوارەکان و سێکتەرەکانە، هەر

وڵاتێک فەلسەفەی پەروەردەی پێشکەوتو نەبێت، ئەو وڵاتە بەدواکەوتو هەژمار دەکرێت .

پەروەردە لەنێوان لێبوردەیی و شەڕەنگێزیدا"

لەم وتارەدا هێما بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت:"تا کۆمەڵگەکەمان لەرێگەی پرۆسەی پەروەردەوە گۆڕانکاری گشتگیر و هەمەلایەن لەخۆ نەگرێت نەتوانرێت گیانی شەڕەنگێزی و خودپەسەندی(خۆخواز) تحویل بکرێت بۆ گیانی خۆشویستن و لێبوردەیی، وەک نوسەر و هونەرمەند(هێلین کیلەر) دەڵێت:" باشترین ئەنجام لە پرۆسەی پەروەردەدا بینینی لێبوردەییە"

ماوەی دووساڵە دۆخێکی تەندروستی هەمو جیهانی خراپە، ئەویش بەهۆی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنایە کەهەمو مرۆڤایەتی توشی دڵەڕاوێکی کردۆتەوە نوسەر بابەتێکی دیاریکردوە لەسەر چۆنییەتی خۆپارێزی قوتابیان لەقوتابخانەدا ، گرتنەبەری ڕێوشوێنی گونجاوی پێشنیارکردوە بۆ ئیداری قوتابخانەکان لەڕوانگەیەوە لەحەوت خاڵی بنەڕەتی گرنگ:

هەروەها لەژێر ناونیشانی بەئینگلیزکردنی خوێندن، هەوڵێکی شکستخواردوودا.. نوسەر بەووردی و دیقەتەوە تیشکی خستۆتە سەر فاکتەر و هۆکارەکانی شکستی بەئینگلیزی کردنی پرۆسەی خوێندن لەهەرێمی کوردستاندا.

لەمپەر و کەم وکوڕییەکانی لەچەند خاڵێکدا دەخاتە پێش چاوی خوێنەر، لەنێوەندەدا نوسەر پێوایە ئەگەر وەزارەتی پەروەردە و خوێندن بەباشی خۆی ئامادە بکردایە و ڕەچاوی کۆمەڵێک ڕێگا وشوێنی گونجاوی بگرتایەبەر ئەوا پڕۆسەی بەئینگلیزکردنی خوێندن سەرکەوتو دەبوو. نوسەر حەوت خاڵی جەوهەری و بنەڕەتی خستۆتەڕوو .

١- ژمارەی قوتابی لەپۆلدا.

٢- دابینکردنی کارەبای بەردەوام بۆ بەکارهێنانی ئامرازەکانی فێربوون.

٣- پێدانی کاتی زیاتر بۆ وانەکان.

٤- خولی گەشەپێدان بۆ مامۆستایانی وانەبێژ.

٥- هەماهەنگی لەنێوان مامۆستایانی بابەتەکان.

٦- نەخشە و پلانی پێش وەختە بۆ ئەو قۆناغانەی پڕۆسەکە دەیانگرێتەوە.

٧- دیاریکردنی پێوەری هەڵسەنگاندن بۆ ئەنجامدانی پڕۆسەکە.

بابەتێکی تایبەت کردوە بەچاکسازی لەبواری پەروەردە وەک پێویستیەکی گرنک و هەنوکەیی.

لەم نوسینەدا چەندین خاڵ و پێشنیاری جەوهەری بۆ چاکسازی پەروەردەیی کردوە..

نوسـەر و پەروەردەکـار  ئامـاژەی بەچـۆنییەتی گۆڕانکـای لەپڕۆگرامەکانی خوێندن دەکات و دەڵێت:  "خۆئامـادەکردن گۆڕینی پڕۆگرام کاتی دەوێت و پلان و پڕۆژەی زانسـتی گەرەکە ، لەڕێگەی لیژنەی تایبەتمەند و شـارەزاوە ،بەچەند خاڵێک هەنگاوە و قۆناغبەندی گۆڕانکـاری لەپڕۆگرامەکانـدا خستۆتە پێش چاو"

هەروەهـا  ڕۆڵـی پەروەردەی خێزانـی منداڵ پـێش  چـوونە قوتابخـانە  هێمـا بـۆ ئەوە دەکـات خێـزان و دایـک  ڕۆڵـی کـاریگەری باشـی هەیە لەسـەر پڕۆسـەی پەروەردەی منداڵ پێش ناردنی بۆ قوتابخانـە و هەمیشـە مامۆسـتا هەسـت بەو قوتابیانە دەکات. کە ئاستی پەروەردەیان لەماڵەوە چۆنە ..

نوسـەر بـابەتێکی گرنـک و بایەخـدارِ بـاس دەکـات ئەوەیـش ڕۆڵـی پەروەردەیە لەبەدیهێنـانی شـکۆمەندی قوتـابی ، لەم بابەتدا

چواری بنەمای سەرەکی :

بـۆ ڕاگراتنـی شـکۆمەندی قوتابیـان دەستنیشـان دەکـات..

(لێبووردەیی... خۆشەویستی... دڵسۆزی... هاوکاری..)

کتێـبەکە  وتـارێکی تـایبەت کـردوە بەڕۆڵـی  هـونەری وبایەخی وانەی سروود و موزیک لەقوتابخانەکانـدا  ئاماژە بۆ گرنگی وانەی هونەر دەکات دەڵێت:" هونەر هیچی کەمتر

نییە لەوانەکانی کوردی و بیرکاری و زانستەکان ....هتد لە دروستکردنی کەسیەتی منداڵدا..
پرسی زمان لەپرۆسەی پەروەردەدا لەو بابەتە کەنوسەر لەکتێبەکە بایەخی پێداوە دەڵێت :
ڕۆڵی زمانی دایک لەناو پرۆسەی پەروەردەدا
بەبنەمای فەلسەفەیەکی دیاریکراوی پەروەدە ئەنجام دەدرێت.
هەڵبەتە گرنگی ئەم کتێبە لەوەدایە نوسەر بەلۆژیک و بەهونەری ئەرگۆمێنت بەشی زۆر ئاریشەو کێشە بنەڕەتییەکانی پەروەردەی بەسەرکردۆتەوە، پەنجەی لەسەر برینەکان داناوە لەگەڵ ئەوەشەدا پێشنیار و ئەلتەرنایقی بۆچارەسەرکردنی کێشەکان دۆزیتەوە ، دیدیگا و سەلیقەی خۆی لەچوارچێوەی ستراتیژی ئامانجە بالاکانی پەروەردەدا ئەم کۆمەڵە وتارەی نوسیوون و لەچوارچێوەی کتێبکی قەبارە مامناوەندا بەچاپی گەیاندووە. بۆ ئەوەی بایەخی بابەتەکانی کتێبە لەپرۆسەی پەروەردەدا شوێنی خۆی بگرێت زۆر گرنگە مامۆستایان و پەروەردەکاران خوێندنەوەی ئەم کتێبە فەراموش نەکەن...

## پەروەردە لەنێوان لێوردەیی و شەڕەنگێزیدا*

پێشکەوتنی هەرکۆمەڵگەیەک، بەستراوەتەوە بەئاستی پەرەوردەکەیەوە، ئەو کۆمەڵگایانەی گرنگیان بە بواری پەروەردە داوە، بەراورد بەوانەی پڕۆسەی پەروەردەیان پەراوێزخستووە، گەشەسەندن و پێشکەوتن و جۆری ژیانیان جیاوازی زۆرە، ئەگەر فەلسەفەیەکی دروستی پەروەردەیی بوونی هەبوو، بێگومان پەروەردەی تاکەکان دروست و باش دەبێت، بەڵام ئەو کۆمەڵگەیانەی گرنگیان بە هەڵبژاردنی گونجاوترین شێوازی پەروەردە نەداوە، تاکەکانیان گیانی شەڕەنگێزی و خۆخوازی تیایاندا زاڵە و بەڕوونی دەبینرێت.



لە سەردەمی ڕژێمی ستەمکاری بەعسی ڕوخاو، تاکی عێراقی بە لەق البدانی ویستی بەعسیانە ئاراستەکربوو، بەهۆی دانانی پڕۆگرامی مەبەستدار، تاکی کورد بەمەبەستی سەرکوتکردنی ئازادییەکان و نەهێشتنی هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی، زیاتر ئەو ستەمەی بەسەردا سەپێنرابوو، بەهۆی ئەو بابەتانەی خزێنرابوونە ناو پڕۆگرامەکانی خوێندن، تا تاکی کورد دووربێت لە گیانی لەخۆبوردن و خۆشەویستی، بەنمونە؛ لە پڕۆگرامی قۆناغی سەرەتایی ئەوکات، لەبازنەی یەکەمی خوێندن، مندتڵان لەجیاتی خۆشەویستی خەڵک و ڕێزگرتن، ئاشنا دەکرا بەچەکهەڵگرتن، کە بەپێی یاسا دوورە لە ئاکاری پەروەردەیی، جگە لەو هەموو فشارانەی خرابوونە سەر مامۆستایان و بەشەکانی پەرەوردە.

بەڵام ئەگەر چاوێک بە ڕەوشی پرۆسەی پەروەردە بخشێنین، لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١) و بەراوردی بکەین بە سەردەمی داگیرکاری بەعس تا هەنگاوەکانی پێشخستن و بەدیهاتنی خەونی ڕاپەڕین، ئایا توانراوە ئەو کەموکورتی و خراپیانەی پێشوو بەهەند وەربگیرێن و

ڕێـــگەی باشــتر بگـــرینەبەر، تـــا کۆمەڵگەکەمـــان لەڕێـــگەی پڕۆســـەی پەروەردەوە، گۆڕانکـــاری گشـــتگیر لەخۆبگرێـــت، گیـــانی شـــەڕەنگێزی و خودپەســـەندی (خۆخـــوازی) بکـــرێتە گیانی خۆشـویسـتن و لێبوردیی، وەک نوسـەر و هونەرمەنـد (هێلـین کـیلەر ١٨٨٠- ١٩٦٨) دەڵێـت: (باشـترین ئەنجـام لە پڕۆسەی پەرەوەردەدا بینینی لێبوردەییە).

ئەگەر بەراوردێـک بـۆ پەروەردە لەو ســـەردەمە خـــراپەی پێشـوو بە سـەردەمی دوای ڕاپەڕیـن بکەیـن، بـێ دوو دڵـی، ئەگەینە ئەو ئەنجامەی هەمان عەقڵیەتی خراپ بەکارهێنانی پەروەردە لەنـــاو کایەکـــانی ژیانـــدا بەرجەســـتە بـــووە و نەتوانراوە، ئەو عەقڵیەتە تێپەڕێنرێ.

دروستی بارودۆخی خوێندنەوەی ڕاستی ڕاپەڕین لەڕووی زانستیەوە، ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی دۆخێک بۆ ئاڕاستەیەکی دی، بەڵام لە هەرێمـی کوردسـتان، جـێگەی داخە ئەو گۆڕانکـاریە بەشـــێوەیەکی بەرچـــاو بەدی نەکـــرا، بەتـــایبەت پڕۆســـەی پەروەردە و فێرکردن.

ئەگەر لایەنەکـــان و ســـەرکردەکانی ئەم هەرێـــمە خەونیـــان بەدیهێنـــان و دروســـتکردنی دنیـــایەکی جـــوانتر بـــوایە، دەبـــو

لەمــاوەی ئەم ســی ســاڵەدا، بەرنــامە و پــلان و كــار و پڕۆژەیان لەم سێكتەرە گرنگەی ژیان دابنایە و ئاڕاستەی كۆمەڵگەیەكی هـاوچەرخ پلانڕێژبكرایە، نەك دەستوەردان و بیــری تەســكی حیزبەكــان بخــزێننە نــاو قوتابخــانە و خوێنــدنگەكان، هەمووشــمان بــاش ئەو ڕاســتیە ئەزانــین، تائێستاش عەقڵی حیزبی لەم هەرێمەدا دوور بووە لە یەكتر قبـوڵكردن و لێبـوردەیی، كـاتێ ئەم بیرە نەشـازە تـێكەڵ بە پڕۆســەی پەروەردە دەكرێــت، ئەو گیــانە شــەڕەنگێزی و حیزبسـالاریە، ئامـانجە بـاڵاكەی پەروەردە لە كەدار دەكـات و ئاینــدەی نەوەكــانی ئەم نیشــتمانە، گیــانی ڕق و تــۆڵە و خۆخوازی و شـەڕەنگێزی بە باڵایان دەبڕێت، هەربۆیە ئەو هەسـتە لامـان دروسـت بـووە، كە ڕۆژانە دەڵێـین: لەم سـی ساڵەدا هیچ نەكراوە، چـونكە ئەوەی گـرنگە و ئـاواتی خەڵكە كە پەرەوردەیە، خراپكراوە نەك چاككردن.

ئەرستۆی فەیلەسوف وتویەتی: (ڕەگی پەروەردەكردن تـاڵە، بەڵام بەرهەمەكەی شیرینە). ئەگەرا حیزبەكان، ئەو تاڵییەیان بچەشـتایە تـا كـۆمەڵگەیەكی ئاشـتیخواز و لێبـوردە بەرهەم بهاتــایە، نەک ئەوەی ئێســتا دەیبینــین كە جێــی نیگەرانــی

هەمووموانە، لەم نۆ کابینەیەی حکومەتی هەرێم، ئەوەی دەکرا و پێویست بوو کاری لەسەر بکرێ، دوورخستنەوەی دەستی حیزب بوو لە سیکتەری پەروەردە، بەداخەوە کابینە دوای کابینە، دەستی ڕەشی حیزب و تەمی ئەو ئاراستەیە بۆتە مۆتەکەی سەر پەروەردە و نەهامەتی دەبارێنێ بەسەر نەوە دوای نەوەی ئەم نیشتمانە زەبوونکراوەدا.

بەکام پێوەری ناعەقڵانی و دوور لە زانست و مەعریفەی هاوچەرخ بەڕێوەبەری قوتابخانە لە بارەگای حیزب دابنرێت و پێوەری زانستی و پەروەردەیی بخرێتە لاوە؟ ئەبێ ئەو کەسەی حیزب بە نوێنەری خۆی دیاری دەکات لە قوتابخانە، تاچەند ئاگایی ئەوەی هەبێ گیانی خۆشەویستی و لێبووردەیی بروێنێ لەجێی خۆشەویستی سەرکردەی حیزبەکەی؟.

دڵنیام تەنها بۆمانەوەی لەسەر کورسی بەڕێوەبەر؛ ئامانجە باڵاکان ئەخاتە ژێر ئامانجە تەسکەکانی حیزبەکەی، دەکرا بە وردی کار لەسەر ئەوەبکرایە، شایستەترین و شارەزاترین و دڵسۆزترین کەسەکانی بواری پەروەردە، لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕەوە ئەو پۆستە پەروەردەییانە

پڕبکرێنەوە، لە ڕێگەی داواکاری و پسپۆڕی و وەرگرتنی (سی ڤی) تا کەسی گونجا لە شوێنی گونجاو دابنرێت.

لەو کاتەشدا کاتێ کەسە گونجاو و شارەزاکان ئەخرێنە ئەو پۆستانە، بەدڵنیاییی وتە بەناو بانگەکەی (تشستر فیڵد) بەدیدێت کە ئەڵێت: "باشترین ئامۆژگاری مرۆڤ بۆ ئەوانی تر پەروەردەیەکی دروستە."

هیوادارم بەڕێز وەزیری پەروەردە، هەنگاوی خێرا بنێت و بەبڕیارێک ڕێگری بکات لە دەستی حیزب لەناو پرۆسەی پەروەردە، کە هەنگاوێکە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی خاوەن پەروەردە و ئاشتیخواز و لێبوردە و زانستخواز و نیشتمان پەروەر، کە ئەمانە خەونی هەموو تاکێکی دڵسۆز و خەمخۆر و خەباتگێڕی راستەقینەیە[1].

---

[1] لەهەردووماڵپەڕی (knnc و diplomatic magazaine) بڵاوکراوەتەوە

ڕەووف محەمەد ئالانی

# پرۆسەی خوێندن و خۆپارێزی

بەپێی لێدوان و بڕیار و داوای وەزارەتی پەروەردەوە نوسراوی فەرمی کە ئاراستەی سەرجەم قوتابخانەو خوێندنگەکان کراوە، وابڕیارە ڕۆژی ٩/١٤ دەرگای قوتابخانەو خوێندنگەکان بەڕووی قوتابیان و خوێندکاران، والا بکرێن و ساڵی نوێی ٢٠٢١ بۆ ٢٠٢٢ بە شێوەیەکی باش دەستپێبکات، وابڕیارە چوارهەفتەی یەکەم پێداچوونەوەی ئەو وانانە بێت کە لە پار ساڵی خوێندن نەتوانراوە، تەواو بکرێن ، یان قوتابیان و خوێندکاران بۆئەوەی بەباشتر ڕابهێنرێن و فێربکرێن .

تائێرە هیچ گرفتێک بەدیناکرێت و ئەو بڕیارانە تەنیا هەنگاوی کردەیی پێویستە.



ئەوەی سەرنج و بۆچوونی من و زۆربەی مامۆستایانە، شێوازە خۆپارێزیەکەیە، کە پێویستە ڕەچاو بکرێت و هەنگاوی بۆ بنرێت، هەرلەبەرئەو خۆپارێزی و تەندروستی گشتی خەڵکی کوردستان بووە، ئەو دووساڵەی ڕابردوو وەک پێویست پرۆسەی پەروەردە بەکاری خۆی هەڵنەستاوەو ئەرکەکانی ئەنجامنەداوە، ئەی کەئێستا و لەم کاتەدا، بڕیاربدرێت دەرگای قوتابخانەو خوێندنگەکان بکرێنەوە ، ڕوونە کە ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕۆژانە ڕووبەڕووی خەڵک دەبێتەوە و چەندین کەس بەرەومەرگ ئاراستە دەکات ، کەواتە هەنگاوە گرنگە کەو بڕیارە بەجێیەکە ئەویە، چۆن لەم کاتەدا خۆپاریزی بکرێتە مەرجی کردنەوەی دەرگای قوتابخانەو خوێندنگەکان؟
ئەوەی هەندێ لە کارگێڕی قوتابخانەکان بەماموستایانیان ڕاگەیاندووە، دوورە لەخۆپارێزی، گوایە ماموستایان بەیانی کە هاتن بۆ دەوام تا کۆتایی بمێننەوە، لە قوتابخانەدا، بەتایبەت لەناو شارەکاندا میلاکات زۆرەو ناکرێ ، ٣٠ بۆ ٤٠ ماموستا لە ژووریکدا بمێننەوە لەو کاتەی وانەیان نەبێت، ئەوە هەم کێشە بۆ

کارگێڕی قوتابخانە و خوێندنگەکان دروست دەبێت و ئەو جۆرە کۆبوونەوەیەش لەڕووی تەندروستیەوە، نەگونجاوە، بەڕای من خشتە وادابنرێ، هەرمامۆستایەک وانەی نەبوو یان تەواو بوو بڕوات و قوتابخانە جێبێڵێت، بۆ قوتابی و خوێندکارانیش، پێویستە ڕەچاوی بەکارهێنانی ماسک بکەن و مامۆستایان چاودێریان بکەن، لەگەڵ بوونی مادە پاککەرەوەکان و دژە میکۆب و ڤایرۆس ، بۆ ئەو قوتابخانەو خوێندنگەیانەی ژمارەی قوتابیان و حوێندکارانیان زۆرە، واباشە پۆلەکان کەمبکرێنەوە بۆ ژمارەیەکی دیاری کراو بەپێی قەبارەی ژوورەکە بۆیان دیاری بکرێت، سەبارەت بە و منالانەی کە ئەتوانن بە ئۆنلاین بخوێنن و کەسوکاریان مەترسی ڤایرۆسەکەیان هەیە، بریارەکەی وەزارەت لەجێی خۆیەتی، ئەنوانرێ ئەوانە نەچنە قوتابخانەو خوێندنگە لەماڵەوە بخوێنن و تەنها کاتی تاقیکردنەوەکان بەشێوازی خۆپارێزی بەشداری بکەن.

بەبۆچوونی من بەرەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە، خۆپارێزی ئەنجام بدرێت، پرۆسەی پەروەردە سەرکەوتوو دەبێت بۆ ئەمساڵی خوێندنی ٢٠٢١-٢٠٢٢

١- کەلو پەلی خۆپارێزی بۆ قوتابخانەو خوێندنگەکان لەلایەن وەزارەت ئامادە بکرێت وەک ماسک و مادە پاککەرەوەکانی ڤایرۆس و میکرۆب

٢- چاودێری ووردی پاکوخاوێنی قوتابخانەو خوێندنگە کان بکری

٣-هیچ مامۆستاو فەرمانبەرو کارگوزارێک بەبێ ماسک نەچنە ناو بینای قوتابخانەو خوێندنگە

٤-بەگوێرەی قەبارەی ژوورەکان ژمارەی قوتابیان دیاری بکرێت

٥-خشتەی وانەکان وا ڕێکبخرێت کە مامۆستا لەکاتی وانەکەیدا لە دەوام بێت و نەمێنێتەوە لەبەر سەلامەتی گشتی

٦- زۆر گرنگە هەلومەرج بۆ مامۆستایان برەخسێت بۆ بەکارهێنانی ڤاکسینی دژە کۆرۆنا

٧- بەردەوام ئامۆژگاری و چاودێری قوتابیان و خوێندكاران بكرێت لەیەكتر دووربن لەبەر سەلامەتی هەمووان[٢]

ئەمانە دەبنە فاكتەری سەركەوتنی پرۆسەی پەروەردەو قەرەبووكردنەوەی ئەو كاتە لەدەست چووەی لە ساڵانی ڕابردوودا، هاتە پێش...

[٢] لەماڵپەڕەكانی (Knnc و kurd plat ) بڵاوكراوەتەوە

# بە ئینگلیزیکردنی خوێندن، هەوڵێکی شکستخواردوو

پرۆســـەی پـــەروەدەو فێرکـــردن ، تاکـــە پێـــوەرە بۆپێشـــکەوتنی هـــەرووڵات و نەتەوەیـــەک، لـــەناو پرۆســـەی خوێندندا وانەی جیاوازلەبوارەکانی بیرکاری و زانستەکان و کۆمەڵایەتی و هونەرو وەرزش وزمانەکان دەخوێنرێن، جگە لـەزمانی دایـک زمانـەکانی تـری وەک عـەرەبی و ئینگلیـزی وانـەی سـەرەکین لەپرۆسـەی پەروەردەدا، لـەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس، دەیان کۆمپانیاو زانکۆو کۆنسوڵ و پەیمانگە ناحکومیـــەکان بـــۆ هـــەرێمی کوردســـتان هـــاتن ،ئەمانـــە هۆکـاربون تـا شـێوازی تـر لەپـەروەردەو فێرکـردن بـەڕوی پرۆسـەکەدا بکرێنـەوە، گرنگـی زمـانی ئینگلیـزی و فێربـونی ئەو زمانە بووە پێویستیەکی بەرچاو بۆ هـەمووتاکێکی ئـەم هەرێمـە، لـە برەوسـەندنی خوێنـدنی نـاحکومی و پەیمانگـە کـانی فێرکردنـی زمـان ،پرۆسـەی پـەروەردە بـەرەو ئاقـاری پاشەکشـــە بـــەدی کـــرا، بۆیەســـاڵی ٢٠١٤ وەزارەتـــی پـــەروەردەی حکومـــەتی هـــەرێمی کوردســـتان بڕیاریـــدا، خوێندنی وانەکانی بیرکاری و زانستەکان بکات بە ئینگلیـزی

لە قۆناغی بنەڕەتی، قوتابخانەکانی دهۆک و لەسەداسەدو قوتابخانەکانی هەولێرلەسەدا پەنجاو قوتابخانەکانی سلێمانی لەسەدا بیست و چوارخرایە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەوە لەکاتێکدابوو مامۆستایان باس لەوەدەکەن ئامادەکاری تەواو بۆ پرۆسەکە نەکرابوو، تەنها یەک مانگ مەشق و ڕاهێنان کراوە بە مامۆستایان بەشێک لە مامۆستاکان




پرۆسەی بە ئینگلیزی کردنی وانەکانی زانست و بیرکاری چوار ساڵە دەستی پێکردوە لە (١٦٥)خوێندنگە ئەنجام دراوە.

ئەوەی بووە جێی سەرنج، بەشێک لەمامۆستایان و چاودێران و شارەزایانی بواری پەروەردە، هەرزوو

بۆچوونەکانیان سەبارەت بەم پرۆسەیە خستە ڕوو، بەلام وەزارەتی پەروەردە، بێدەنگی هەڵبژاردو هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو، تەنانەت زۆربەی ئەو قوتابخانانەی پرۆسەکە گرتبوونیەوە، بە نوسراوی فەڕمی و داواکاری بۆ کۆتایی هێنانی پرۆسەکە داخوازیەکانیان ئاراستەی پەروەردەکان کردو بەلام بەدەنگەوەهاتن نەبوو.

کەموکورتیەکانی ئەم پرۆسەیە لەم خاڵانەدا کورت دەکەمەوە:

١-ماوەی خولەکان کورت بوو تەنها بە چل ڕۆژ ناتوانرێت لەو ماوەیەداپڕۆگرامەکە وەک پێویست ناتوانرێ مۆستایان ڕابهێنرێن

٢- پێنەدانی برەپارەیەکی وا کە هاندەر بێت بۆ بەشداربووان

٣-زۆربەی ئەو مامۆستایانە پێشتر زمانی ئینگلیزیان نەزانیوە بۆیە بۆیان قورسە

٤-بەردەوام نەبوونی بونی خولەکان بۆ قۆناغەکانی دوای خوێندنی بنەڕەتی

ئـەم پرۆسـەيە زيـان لـە زمـانى دايـك ئـەدات، چـونكە منـاڵى كـورد ناتوانێـت ژمـارە بـە كـوردى بنوسـێت و بيزانێـت، زۆرجارلەو وانانەى سـاڵ و ژمـارەى تێدايە منال بـەكوردى نازانێـت بيخوێنێتـەوە و بينوسـێت، كێشـەيەكى تـر كـە دێتـە بـەردەم مامۆسـتايانى زمـانى كـوردى نوسـينە بـە دەسـتى چەپ بەهۆى ئەم پرۆسەيەوە ،

ئـەم پرۆسـەيە بەچەنـد هۆكارێـك سـەركەوتوودەبوو لـەو قوتابخانانـەى پرۆسـە كـە دەيانگرێتـەوە كەلـەم خالاَنـەدا كورتيان دەكەينەوە :

١- ژمارەى قوتابيانى پۆل لە ٢٠ قوتابى زياتر نەبێت

٢-بوونى كارەباى بەردەوام لە بەر داتا شـۆو هۆكانى ڕونكردنەوە

٣- خـولى بـەردەوام بۆئـەو مامۆسـتايانەى وانـەكان دەلێنەوە

٤-پێـدانى كـاتى زيـاتر بۆئـەو وانانـە تـا فريـا بكـەون قۆناغەكان تەواو بكەن

٥-هەماهـــەنگى لـــەنێوان مامۆســـتايانى بابەتـــەكانى بيركارى و زانستەكان و زمانى كوردى

٦- پلانی پێش وەخت بۆئەو قۆناغانەی پرۆسەكە دەیانگرێتەوە

٧-بوونی پێوەری هەڵسەنگاندنی دوای ئەنجامدانی پرۆسەكە

ئەم جۆرە پرۆسانە كاتێک جێدەگرن و دەبنە مایەی دەستكەوتی گرنگی پەروەردەیی، كە بەباشی خوێندنەوەی بۆبكرێت و ئامانجەكانی دەست نیشان بكرێن و كەمو كورتیەكانی چارەسەر بكرێن، نەک ببێتە هۆی فەرامۆشكردن و پەراوێزخستنی زمانی دایک، وەک بە كردەوە لەم پرۆسەیە بەدیكرا، لەكابینەی هەشتی حكومەتی هەرێم، بە بێ شەن وكەوكردنێكی زانستیانەی وورد ئەم پڕۆسەیە بڕیاری لەسەر دراو لە كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێم كاتێ زانرا زیانەكانی زۆرترن لابراو پرۆسەكە كۆتایی پێهێنراو ڕاگیرا.

# چاكسازی بواری پەروەردە، پێویستیەكی هەنوكەیی

پرۆسەی چاكسازی، بەمانای دانانی پلان و بەرنامە بۆ چـاككردنی ئـەو كـەلێن و درزو خراپیانـەی ئاڵۆزیـان خستۆتە لایەن و چـەمكێكی ژیـان، كـە بوونەتـە هۆكـاری بەلاڕێدابردن و ناشـیرینكردنی ڕەهەندەكانی ئـەو چەمكـە، لـەو كاتەشـدا خـراپ بـەكارهێنان و گـۆڕینی ئاراسـتە ڕاسـتەقینەكە بـەرەو لێـواری شـۆڕبوونەوە دەڕوات و كرمی گەندەڵی لاشەكە وێران دەكات و دایدەڕزێنێت.

چاكسـازی لـەبواری كـارگێڕی و دارایـی و بـەهـەدەردانی سامانی گشتی و خراپ بەكارهێنانی سـەرچاوەكانی داهـات و نـاڕوونی لـە چۆنێتی داهـات و خەرجیـەكان، قسـەی زۆر لەسەر كراوەو بەردەوامیش بۆتـە بـاس و خواسـی میدیاو چەند پەرلەمانتارێك، كە تا ئەم كاتەی ئەم وتارە نوسـراوە، هـیچ هـەنگاوێكی بـاش و ڕاسـتی نـەنراوە، بـەئاقاری چاكسازی و وەلامدانەوەی خواستی میدیاو دڵخۆشكردنی خەڵك.



بەلام  ئەوەی  پێویست بوو  زۆرتر قسەی لەسەر بکرێت و کاری  ووردی لەسەر بکرێ، چاکسازییە لەبواری پرۆسەی پەروەردەدا، چونکە کار و پلان و نەخشەی داهاتوی  وولاَت بۆگەشەکردن و پێشخستنی  کۆمەڵگە لەسەر ئەم پرسە گرنگە وەستاوە.

دەبوایە سەدان  ڕاپۆرت و دەیان توێژینەوە  بۆ چاکسازی و نوێکردنەوەی  پرۆسەی پەروەردە بکرایە و دەیان پانێڵ و سیمینار سازبکرایە تا کێشەو گرفتەکانی پەروەردە بخرانایە ڕوو چارەسەریان  بۆ دابنرایە، ئەبوایە  هەردوو وەزارەتی  پەروەردەو خوێندنی  بالاَ، لەهەمووان  زیاتر خەمخۆربوونایە و کاریان لەسەر  ئەو  هۆکارانە بکردایە کە دەبنە فاکتەری  پێشخستنی  پەروەردەو خوێندنی بالا

لـەم هەرێمـەدا، لەلایـەكی تـرەوە ئەبوایـە ڕێكخراوەكـانی قوتابیان و خوێندكاران و مامۆستایان، بـە فشـاری پیشـەیی خۆیان هەستانایە و وایان بكردایە زۆرترین گۆڕانكاری و پێداچوونـەوە لەسـەر پرۆسـەی پـەروەردە بكرایـە، بـەلاَم ئەوان وابەستەی ئایدۆلۆژیای تەسكی حیزبین و ناتوانن لە گوتـاری حیزبـەكانیان خۆیـان قوتاربكـەن و زیـادەڕۆیی بكەن.

(سـەلمان عـودە) یەكێكـە لەبیرمەنـدەكانی سـعودیە و مامۆستای زانكۆیـە، بـەمجۆرە لەسـەر چاكسـازی دەڵـێ: (چاكسازی و ڕیفۆڕمی تـەواو فیداكارییـە، تاوانكـاری نیـە، چونكە باشترین ڕێگایە، كە شۆڕش شەڕی لەسەر بكات).

دەكـرێ بپرسـین، لەلایەنـە پەیوەندیـدارەكان ئایـا لـەدوای ڕاپەڕینەكـەی بـەهاری ١٩٩١ كـام هـەنگاو نـراوە بۆئـەو فیداكاریەی پێویست بووە، لـە بـواری پرۆسـەی پـەروەردەو فێركردن؟

یـان بەهـەمان ڕێچكـەی پێشـوترو بگـرە نەزانانـەتر كارلـەم بوارەدا كراوە؟.

وەلامەكـەی بـەرچاو و دیـارە كـە جگـە لـە وێراكـردن و بەئایـدۆلۆژیاكردنی تەسک و گەندەڵكاری هیچـی تـر بـەدی نەكراوە.

هەرلـــە ســـەرەتای دامەزرانـــدنی حكومـــەتی هـــەرێمی كوردستان و دوای هـەڵبژاردنی پەرلـەمان، دەبوایـە كـاری زۆر بـــاش لەســـەر ســـێكتەری پـــەروەردە بكرایـــە، ئەنجامەكەی لەئێستادا كۆمەڵگەیەكی تەندروست لـە هـەموو بوارەكان بەدیدەهات، چونكە بەرهـەمی سـی (٣٠) نـەوەی دوای یەک دیارە كۆمەڵگە بەرەو كوێ دەبات.

هـیچ كـات نـەوتراوە، چاكسـازی لـەبواری پـەروەردەدا، پاكســـازییە، چونكـــە لـــەو كاتـــەدا، دوورخســـتنەوەو پەراوێزخستن هەیە، كە ئامانجەكە بۆ چاكسازی و بنیاتنانە، بەبۆچوونی من تاكە هۆكار كە هەنگاو نەنراوە تاچاكسازی لەپـەروەردەدا بكرێـت، ئـەو ترسـە بـووە، بـەم هۆكارەیـە، (ئەلبێرتۆ رۆكیا) ئاماژە بە چاكسازی ئەدات و ئەڵێ :

(چاككردنی تاوانبار، دوورخستنەوە نیە، بەڵكو ئامـانج لێـی دادوەرییە).

ئەو دادوەریەی پێویستە لەبواری پەروەردەو فەلسەفەی پەروەردەدا بەدیبێت، تەنها چاكسازیە و دانانی پلانی زانستی و بەرنامەی هەمە چەشن بۆ گشت بەش و لایەنە كانی پەروەردە، تا كۆمەڵ بكرێتە سەنتەرو سەرچاوەی ئامانج، بەوەی مامەڵەكردنی تەندروست لەگەڵ منداڵ، مامەڵەیە لەگەڵ مرۆڤ و زۆربەی كۆمەڵگە، بەو حوكمەی منالاَن، ژینگەیەكی بەرفراوانی كۆمەڵگەیان پێكهێناوە، بۆ ئەوەی هەنگاو بنرێت لەبواری پڕۆسەی پەروەردە و هەنگاوەكان خێرا بكرێن، تا ئەو كەلێن و بۆشاییانە پڕ بكرێنەوە، ئەوەش بە چاكسازی و ریفۆرمی پەروەردەیی دەكرێت.

چەند پێشنیارێك ئاراستەی وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی بالاَو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە گشتییەكان دەكەم، تا ئەم هەنگاوانە بنێن، بەمەبەستی دەست بردن بۆ پڕۆسەی چاكسازی لە و سێكتەرە گرنگەی ژیان.

١-پێداچوونەوە بە شێوازی پڕۆسەكە بەگشتی و دیاریكردنی فەلسەفەیەكی گونجاوی پەروەردەیی

٢- دانانی پلانی هەمەچەشنە بۆ ئاوڕدانەوە لە پرۆگرامەکانی خوێندن و زیادکردن بابەتە کانی ژینگە دۆستی و ژیاندۆستی و دەروونناسی و کۆمەڵناسی

٣- گۆڕینی ئەو بەندو خالاَنەی لە نامیلکەی یاساکانی قوتابخانەو خوێندنگەکاندا هەن و ناگونجێن، یان کاریان پێنەکراوە

٤- بەستنی کۆنگرەی پەروەردەیی بە دوو ساڵ جارێک و بەدواداچوون بۆ بڕیارەکان

٥- بەستنی پانێَڵ و سیمینار و کۆڕی پەروەردەیی لە شارو شارۆچکەکاندا

٦-کردنەوەی خولی زانستی بابەتەکان بۆ مامۆستایان بەبەردەوامی و وتنەوەی ئەو خول و کۆرسانە بە کەسانی شارەزاو ئەزموون، نەک چەند کەسێکی دیاریکراوی بەرژەوەند خواز

٧- دیاریکردنی ماوەی بەرپرسی بەش و یەکەکانی پەروەردە و بەڕێوەبەری قوتابخانەو خوێندنگەکان، نەک بە ویستی دەرەوەی پەروەردە

٨- سالآنه لەكاتى پشووەكاندا بەمەرج مامۆستايان بنێردرێنه دەرەوەى وولآت، تا ئەزمونى دەولَەتان و پەروەردەى شوێنه پێشكەوتووەكان، ببينن و لە هەرێم ئەزمونى بكەن

٩- پێداچوونەوە بە يەكەى سەرپەرشتيكردن و گۆڕينى بۆ شێوازێكى پێشكەوتووتر، ئەويش بەوەى ئەو كەسانەى بۆئەو پۆستە دانراون ناكرێ و نابێ بێ ئيش بن، لانى كەم سالآنه دەبێ چەند توێژينەوەيەكى زانستى و هەمە لايەن لەسەر پەروەردە، بخەنە بەردەم وەزارەت و ليژنەيەكى پسپۆڕى كارامە

١٠-گرنگيدان بەزمانى دايك، وەک بنچينەيەكى بنەڕەتى، زمانى يەكەم، نەک بخرێتە پەراوێزەوە

١١-چاپكردنى پرۆگرامەكان بەشێوازێكى شەفاف و خستنەڕوو نەک هەر بابەتەو بەدڵى چەند كەسێک دابنرێت و گەندەڵى تێدا بكرێت

١٢-هەوڵبدرێ ئەو جۆرە خوێندنگە بيانيانەى لەهەرێم بوونيان هەيە، كە سالآنه پارەيەكى زۆر وەردەگرن،

ڕێکبخرێنەوە و جیاوازی ئاستی زانستی و فێربوون، لەگەڵ خوێندنی حکومی کەمبکرێتەوە

١٣- گرنگی زیاتر بە بینای قوتابخانەو خوێندنگەکان بدرێت و ژمارەیەکی زۆرتر دروست بکرێت، تا ژمارەی قوتابی و خوێندکار لەناو پۆلەکان کەمبکرێتەوە

١٤- گرنگیدان بە تاقیگەو هۆڵی تایبەتی خوێندکاران، بە شێوازی مۆدێرن و هاوچەرخ

لەکۆتاییدا ئەمەوێ بڵێم: ئەم هەنگاوانە ڕگەن بۆ پێشخستن و سەرخستنی چاکسازی لە بواری پڕۆسەی پەروەردەدا، بەهیوام کاریان لەسەر بکرێت و بە کردار لە چەند ساڵی داهاتوودا، پرۆسەی پەروەردە لە ئاستێکی بالاَتر لەمەی هەیە ببینین و نیشتمان بە ئەو کەرناڤاڵە مەزنە شاد بکەین و خەونی پەمەیی بۆ نەوەکانی ئایندە برەخسێنین، نائومێدی بخەینە پەراوێزی پرۆسەی پەروەردەوە.

# چۆن گۆڕانکاری لەپڕۆگرامەکانی خوێندن بکرێت؟

ژیان چۆن بەپێی کات گۆڕانکاری بەسەردا دێت، وەک شەوو ڕۆژو وەرزەکان، ئەمە گۆڕانکاریەکی گەردونییە، لەدەستی مرۆڤدا نیە، بەلاَم هەمیشە مرۆڤ خۆی بۆئەو گۆڕانکاریانە ئامادەدەکات و لەگەڵ خۆی دەیانگونجێنێت.

چەندین وتە و پەند و شیعر بۆ ئەو گۆڕانکاریانە وتراون، بەنمونە( جارێک دەڵێن زستان ساردە) یان (بەگوڵێک بەهارنایە) یان(سێ شەش، سێ چوار، ئەکاتە مانگی بەهار)....هتد



هەرچەندە ئەمانە وەک ئیدیۆم لەناو زمانی کوردیدا بەکار هاتوون، بەلام لەڕاستیدا کاتی شیکرنەوەی مانای هەریەکێک لەمانە، دەمانخاتە سەرئەو ڕایەی کە گەلی کوردیش وەک گەلانی تر توانیوێتی خۆی لەگەڵ هەلومەرج و دۆخی جیهان و کەشوهەوا بگونجێنێ، تا دەگاتە مامەڵەی دروست لەگەڵ بەشەکانی تری ژیاندا بەتایبەت پرۆسەی خوێندن و پڕۆگرامەکان، بەهۆی گەشەکردن و گۆڕانکاری لە داهێنانە زانستیەکان و پێشکەوتنی زمان، پێویستە بەچەند ساڵێک ئەو گۆڕانکاریانە بخرێنە ناو پڕۆگرامەکانی خوێندن، تا لەگەڵ گەشەکردنی بیرو هزردا ئەوانیش نوێبکرێنەوە، لەماوەی ڕابردوودا زۆر لە پڕۆگرامەکانی خوێندن گۆڕدران و چاپکرانەوە، بەلام ئەوەی بینرا تەنها گۆڕینێکی ڕووکەش بوو بەتایبەت بۆ چەند وانەیەک، چونکە ئەوکەسانەی کرابوون بەلیژنەی ئالوگۆڕو دەستکاریکردنی بابەت و وانەکان، لەسەر بنەمای (مەحسوبیەت و مەنسوبیەت) دانرابوون، جگە لەچەند کەسێکی بەتوانا کە ئەکرێ لەهەموو بوارەکاندا لەو جۆرە کەسە تایبەتمەندانە دابنرێن، ئەگەر کەسێک بێت و هەڵسەنگاندن بۆ هەموو ئەو

بەڕێزانــه بكــات كــه لــه بەشــەكانى يەكــەى ڕاهێنــانى پەروەردەكاندا كاردەكەن و كارو چالاكى و شێوازەكانى وتنەوەى بابەتە گۆڕدراوەكان چۆن و كێ دەيانڵێنەوە؟ .

ئەو ڕاستيە دەرئەكەوێ، بەداخەوە بەهۆى ئەو بڕەپارەيەى دياريكراوە بۆ ئەو كەسانەى وەك وانەبێژ وانە دەڵێنەوە، ناهێڵرێت، كەسى گەنجى بەتوانا، ئەو وانانە بڵێنەوە، زۆرجاريش ئەو كارە بە سەرپەرشتياران ئەسپێردرێ، كە دڵنيام كەسى بەتوانايان تيايە، بەلاَم لەوە دڵنيانيم ئەو كەسانە بێننە پێش، بۆيە لەسەر يەكەى ڕاهێنانى پەروەردە لەناو وەزارەت، پێويستە بەووردى ئەو خاڵە ڕەچاو بكات، تا بتوانرێ، كادرى باشى زانستى ڕاهێنراو ئامادەبكات، بۆئەوەى لەكاتى گۆڕينى پرۆگرامەكان سوديان لێوەربگيرێ.

هەندێ لە كتێبەكانى پرۆگرامى خوێندن گۆڕاون، بەلاَم بەمەبەستى سود گەياندن بە چەند كەس و چاپخانەيەك كراون بە دوو كتێب و سێ كتێب كە بۆتە ئەركێكى قورس لەكاتى مامەڵەكردنى قوتابيان لەگەڵياندا.

خۆئامادەکردن بۆ گۆڕینی پرۆگرام، کاتی ئەویٚ و پلان و پرۆژەی زانستی گەرەکە، ئەویش بە تەنها لیژنەیەک ناکریٚ و سەرکەوتوو نابیٚ، پیٚویستە ئەم هەنگاوانە بنریٚن:

١- کۆکردنەوەی سەرنج و تیٚبینی و ڕەخنە و کەموکوڕی لە بابەتەکان

٢- دانانی لیژنەیەکی زانستی بۆ پیٚداچوونەوە و چاککردن و زیادکردنی ئەو بابەتانەی پیٚویستن

٣- دانانی لیژنەیەکی زمانەوانی بەتایبەت بۆ خاڵبەندی و ڕیٚزمان، تابابەتەکە بەزمانیٚکی جوان و ڕوون و ڕاست بنوسریٚتەوە

٤- دانانی لیژنەی پیٚداچوونەوەی پیٚش چاپکردن

٥- چاپکردنی پرۆگرامەکان

٦- کردنەوەی خولی پیٚویست بۆ ئەو مامۆستایانەی وانەکان دەڵیٚنەوە

گۆڕینی پرۆگرام هەنگاویٚکە بۆ بەدیهیٚنانی گۆڕینی عەقڵ و هزری کۆمەڵگە،جائەگەر ئەو گۆڕانکاریانە نەکریٚت، واتە هیچ پیٚشکەوتنیٚکیش بەدی نایەت، لەخۆڕانیە (جۆرج بەردناشۆ ١٨٥٦ - ١٩٥٠) وتویٚتی:

(پێشـــکەوتن بـــەبێ گۆڕانکـــاری مەحاڵـــە، ئەوانـــەی نـــاتوانن عەقڵیان بگۆڕن، ناتوانن، هیچ شتێک بگۆڕن).
گـــۆڕینی پرۆگرامـــی خوێنـــدن پێویســـتە بەلەبـــەرچاوگرتنی پێویسـتی گۆڕانکـاری لـەو پرۆگرامانـەدا، لانـی کـەم بـە پێنج ساڵ جارێـک بـەووردی چـاودێری بکرێـت، ئینجـا هـەنگاو بۆئـەو ئامانجـە بنرێـت، ئێمـە نانوسـین تـا کـەس و لایـەنی پەیوەندیـــدار بـــەدواداچوون نـــەکات، ئەنوســـین وەک خـــەمخۆرێک تـــا ڕەچـــاو بکرێـــت و ســـودی لێببینرێـــت و نەوەکانی داهاتوو بەو گۆڕانکاریانە ئاشنا بکرێن و خـەونی شارستانی و هـەنگاوەکانمان، لەگـەڵ ڕەوتـی ژیاریـدا تەریب بن[٣].

---

[٣] ئەم وتارە لە ماڵپەڕی (kurd plat) لە٣٠/٨/ ٢٠٢١بڵاوکراوەتەوە

# ڕۆڵی پەروەردەی خێزان، پێش چونە قوتابخانەی منداڵ*

پرۆسەی پەروەردە، پرۆسەیەکی عەقڵی وکردەیی لەسەرخۆیە وپێ بەپێ لەگەڵ گەشە کردن و گەورەبوون، ئەویش کاریگەری خۆی دەکاتە سەر هەڵسوکەوت و کردارەکانی ئەوتاکە، پرۆسەی پەروەردە، لەدوولایەنەوە بەرجەستە دەبێت و ڕەنگدەداتەوە، لەسەر کەسێتی ئەو کەسە، بەتایبەت لەمنداڵدا.

یەکەمیان: ئەوبەرنامە ڕێژیەیە کە لایەنی بەرنامە دارێژ ئەیەوێ لەسەر کەسێتی ئەو تاکە بەرجەستەی بکات و لەسەر کەسێتی ڕەنگبداتەوە، وەك دایکێك کاتێ ئەیەوێ منالەکەی لەدرۆکردن دووربخاتەوە، بەناڕاستەوخۆ و بەهێنانەوەی نمونەی بەرجەستەی کۆمەڵایەتی و گێڕانەوەی چیرۆك تا ئەو هەستە بچەسپێت، کە درۆ کارێکی خراپە بۆ مرۆڤ.



دووەمیان: منالٚ ئەو هەستەی بەخەیالٚ لا بەرجەستە ئەبێت، كەویست و ئارەزوو حەزی لەو شتەیە، بەلآم نازانیٚ چۆن بەدەستی بێنیٚ، ناچار هانا ئەبات بۆ كردنی كردارێكی نادروست، پاشان دوورخستنەوەی لەلایەن كەسانی بەرامبەری، كەبەرپرسن لەومنداڵە، نمونە، وەك منداڵێك كاری بردنی كەلوپەل ، لەقوتابخانە ئەنجام ئەدات ، بەلآم هاوڕیٚ قوتابیەكانی و مامۆستاكانی پێی ئەزانن، بەشێوازێك لەو شێوازە پەروەردەییانە مامەڵەی لەگەڵ ئەكرێت و هەوڵ ئەدرێت دووبارەی نەكاتەوە.

واتە لەیەكەمجاردا بە پەروەردەو گێڕانەوەی چیرۆكی پەروەردەیی ئاراستەكرا، بەلآم لەجاری دووەمدا بەئەنجامدانی كارە ناپەروەردەییەكە و هەست پێكردنی كە كارێكی خراپە، بۆئەمەش لەلایەن كەسانی نزیكی خۆی و لایەنی پەروەردە، كاری ڕێنوێنی ئەكرێت، كەئەو كارەی كردوێنی چەند ناتەندروستە.

لێرەوە بۆمان دەرئەكەوێت، كە ئاراستەی كاری پەروەردەیی لای دایك و باوك چەند گرنگی هەیە بۆ ئایندەی منالٚ لەكۆمەڵگەدا، بەلآم ئەگەر منداڵێك لەناو خێزانێك لەدایك بوو، ئاستی گەشەكردنی ووشیاری و ڕۆشنبیری لەو خێزانە و ژینگەیەدا، زۆر نزم بێت، ئەو كاتە كە مناڵەكە بەرەو قوتابخانە بەڕیدەكرێت، هەڵسوكەوتی تاچەند پەروەردەیی دەبێت

و مامۆستاكانی گیرناخۆن و ماندوو هیلاك نابن، تا كەمترین پەروەردەی

فێربكەن و ئاراستەی كرداری باشی بكەن؟.

حەزرەتی مەحوی باش وەلاّمان ئەداتەوە و ئەڵێ:

ئەبێ برژێ ئەوكەسەی كاسەی خەیاڵی پڕ بووبێ

موعەلیم، زایعە عومری لەگەڵ تفلێ كەبەد خووبێ.

لەم ڕوانگە فەلسەفیە و عەقلانیەی حەزرەتەوە، بۆمان دەرئەكەوێ، كەمندالێك لەماڵ و پێش هاتنە قوتابخانە، كەباش ئاراستە نەكرابێ، هیلاكی و ماندووبوونی مامۆستاكەی وەك پێویست ڕەنگناداتەوە، كەمتر كاریگەری لەسەری ئەبێت، هەربۆیە لەو سەرەتایەدا زۆر لەمندالاّن حەزو ویست و ئارەزوویان لەخوێندن نابێ و قوتابخانە بەزیندان ئەزانن، كاتێ زەنگی كۆتایی هاتنی وانەكان لێدەدرێ، بەهاوارو هاژەو فیكە لێدان ئەو هەستە دەرئەبڕن، ئەڵێن بەربووین، هەمووشمان ئەزانین بەربوون، بۆدەرچوونە لەوەی لای ئەوان زیندانە و ئازاد دەكرێن.

نمونەیەكی تر لە دێڕەشیعرێكی فایەق بێكەس، دێنینەوە لەسەر كاریگەری دایك بۆپەروەردەی منالً ئەڵێ:

تەربیەت، لەلای داكە

داك چاك بوو، ئەولاد چاكە.

کەواتە، دایك ڕۆڵ و کاریگەری باشی هەیە لەسەر پرۆسەی پەروەردەی منداڵ پێش ناردنی بۆقوتابخانە، هەمیشە مامۆستا هەست بەو قوتابیانە ئەکات، کە پێش هاتنیان بۆقوتابخانە، لەباخچەی ساوایان بوون، لەخێرایی فێربوون و ئاستی وەرگرتنی زانیاری و ڕاهاتنیان، لەسەر زۆر لە ڕەوشتەکانی قوتابخانە،ئەمەش ئەوەمان بۆئەسەلمێنێ، کە منداڵ بەو جۆرە ئەتوانرێ، لای دایك و باوکی باشتر ئاراستە بکرێ، بۆ پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن.

ناکرێ ڕۆڵ و بایەخ و کاریگەری مامۆستاش لەم پرۆسەیە، دوای دایك و باوك نادیدە بگیرێ،بەبایەخەوە سەیر نەکرێت، چونکە مامۆستا ئاست و گەشەی پرۆسەکە، بەرزئەکاتەوەو لەگەڵ هەنگاوەکانی تەمەنی مرۆڤ بەرەو ئاکامی ئەبات و ئەیخەملێنێ و ئەنجامی کەسێتی بەرزو شایستەی ناو کۆمەڵگە، بەرهەمی مرۆڤی باش و سودمەند دروست ئەکات[٤].

---

[٤] ئەم وتارە لەگۆڤاری پەروەردەی ڕۆژهەلأت ژمارە (١) ی ٢٠١٤ بلأوکراوەتەو

# ڕۆڵی پەروەردە، لەبەدیهێنانی شكۆمەندی*

مرۆڤ بونەوەرێكی هۆشمەندە، بە بیركردنەوەو كاركردن توانیویێتی سروشت و گیانەوەرەكانی تر بخاتە ژێر دەسەلاَتی خۆی، هەروەها توانیوێتی هەموو داهات و بەرهەمەكانی سەرزەوی بۆ بەرژەوەندی خۆی بەكاربێنێت، هەركە مرۆڤ زاڵ بوو بە سەر زەویدا، بەعەقڵی پاوانخوازی خۆی هەرچی گیانەوەری سەر زەوی هەیە، یان كوژران و بوونە خۆراكی ژەمە چەورەكانی، ئەوانەشی دەرباز بوون، ملی سەختی ڕێیان گرت و چوونە دوورترین ئەو جێگەیانەی دەستی مرۆڤی پێڕانەگەیشتووە، واتە لوتكەی شاخەكان و قولاَیی دەریاكان.



تا لە ساڵی ١٩٨٠ ڕێکخراوی (بیتا) لەلایەن (نیوکریک) و هاوڕێکەی (ئەلیکس باچیکۆ) دامەزرا، بۆپاراستنی مافی گیانداران.

ئەم هەڵپەو دڕندەییەی مرۆڤ بە گیانەوەرانەوە نەوەستا، بەڵکو گەیشتە ئەوەی خۆی کۆکردەوە و عەقلی خستە گەڕ، تا بتوانێ بەهێزیی خۆی بسەلمێنێ و دەست بباتە بۆ پشکی مرۆڤەکانی تر، ئەویش بەکوشتن و لەناوبردن و بێبەشکردنی لاوازەکان و پاوانخوازی، ئەم ململانێ و یەکتر سڕینەوەیەی مرۆڤ درێژەی کێشا، ئینجا پەیامبەرەکان و ئایینەکان هاتن، تا مرۆڤ لەو عەقڵیەتە شەڕەنگێزیەی هەیەتی ڕابگرن، لەگەڵ بوونی سەدان پەیامبەرو ئایینزادا، ئەو عەقَلیەتە خۆخوازیەی مرۆڤ بەری پێنەگیرا، تائەم ساتەش کە بە سەردەمی زانست و تەکنەلۆژیا، ناسراوە، خوێنڕشتنی مرۆڤ بەردەوامە لەلایەن مرۆڤەکانی هاوشێوەی، لەگەڵ گەشەکردنی ژیان ودامەزراندنی چەندین ڕێکخراوی مرۆڤدۆست ، بۆپاراستن و هێشتنەوەی شکۆی مرۆڤایەتی ، لەوانە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ،کەلەساڵی ١٩٤٨ دامەزراوە، لە

نوسینەوەی برگەکانیدا، حەوت جار ناوی مافەکانی مرۆڤ هاتووە، لەساڵی ٢٠٠٦ ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ پێکهات، کە دامەزراوەیەکی سەربەخۆی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە، دوا بەدوای ئەوە،چەندین ڕێکخراوی تایبەت بە مافەکانی مندالاَن و ژنان، دامەزراون، بۆفشارخستنە سەر دەوڵەتان و ئەو شوێنانەی کە پێشێلکاری بەرامبەر مرۆڤ ئەنجام دەدەن.

هەمووئەو هەوڵ و ڕێگریانەی مێژووی مرۆڤایەتی تەنها بۆ پاراستنی شکۆی مرۆڤ و پاراستنی ئەو درۆستکراوە یەزدانیەی کە خوا خۆی دەفەرموێت (مرۆڤمان لەسەر جوانترین شێوە دروستکرددوە. )

**پەروەدەو شکۆمەندی:**

بۆبەرگرتن لەو بێڕێزیەی بەرامبەر شکۆی مرۆڤ ئەنجام دەدرێت، زۆر لە توێژەرانی بواری دەروونی و کۆمەڵناسی، لەڕێگەی توێژینەوەکانیانەوە، ئەوەیان سەلماندووە، باشترین ڕێگە بۆ دروستکردنی بەربەستی پێشێلکاریەکان، چاندنی سۆزو دڵسۆزی و خۆشەویستیە، لەناو دەروونی

تاکدا، ئەویش بەهۆی پرۆسیسێکی گرنگ دێتە ئاراوە،کە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنە.

کاریگەریەکانی پەروەردە لەسەر شکۆی مرۆڤ لە ناخ و دەروونی تاکدا ئەمانە دەگرێتەوە، (لێبوردەیی، خۆشەویستی، دڵسۆزی، هاوکاری ).

## ١- لێبوردەیی

بریتیە لە چاندنی ڕێز و ئارامگرتن و دڵفراوانی و مامەڵکردنی شیاو لەگەڵ ئەو ڕووداوانەی نەگونجاون و لەلایەن کەسانی تر بەرامبەری دەکرێن، (هێلین کیلەر ١٨٨٠- ١٩٦٨) دەڵێ:(باشترین ئەنجام لەپەروەردەدا لێبوردەییە).

## ٢- خۆشەویستی

ئەمیش بەدروستکردنی بنەماکانی جوان بینین و سڕینەوەی خراپەکاری بە نمایشکردنی جوانیەکانی تاک بەناڕاستەوخۆ تا مرۆڤدۆستی بکرێتە بنەمای خۆشەویستی لەو ڕێگەیەشەوە شکۆی مرۆڤبوون دەپارێزرێت و مرۆڤ و

گیانەوەرانی تری خۆش دەوێت و نابێتە گرفتی ئازاردانی ئەوانی تر .

## ٣-دڵسۆزی

کاتێک تاک لەڕووی پەروەردەوە بەجوانی ئاراستە بکرێت، گۆشکردنەکەی لە دڵسۆزی بۆ خۆی و ئەوانی تر ڕەنگدەداتەوە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا شکۆی بەرز ڕادەگرێت.

## ٤-هاوکاری

هەموو ئەو کارانە لەخۆدەگرێت کە پێویستە بۆ ئەوانی بەرامبەری بکرێت لە مرۆڤ و گیانەوەرانی تر، بە ئەنجامدانی کاری باش و بەهاناوەچوون و ڕزگارکردنیان لەکاتی تەنگژەکاندا، ئەوەش شکۆمەندی باڵای مرۆڤبوونە.

لێرەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە پەروەردە وابەستەیە بە هەموو ئەو خوو ڕەوشت و ئاکارانەی مرۆڤبوون

دەخـەملێنن، کـاتی ئـەوە هـاتووە، بپرسـین ئایـا پرۆسـەی پەروەردە لەم هەرێمە شکۆ بە مرۆڤ دەبەخشێت؟

بـۆ وەلاَمـی ئـەم پرسـیارە زۆر بـە ڕوونـی دیـارە کـە نەخێری خێرا. دێتە سەر زمانمان.

هۆکارەکەشـی ئەوەیـە بایـەخ و ڕۆڵـی پـەروەردە بـۆ شکۆمەندی مرۆڤ دانەنراوە.

پیـاوی دەوڵەتـدارو سیاسـەتزان (نیلسـۆن مانـدیلا ١٩١٨-٢٠١٣) دەربـارەی شـکۆی مرۆڤبـوون دەڵـێ: (هەرکـەس و دامەزراوەیـەک هـەوڵی دزینـی شـکۆمەندیم بـدات، زەرەر مەند خۆیەتی ) .

دیـارە مەبەسـت لـە دزیـن و بردنـی شـکۆمەندی ئەوەیـە نـەتوانرێت مامەڵەیـەکی باشـی لەگـەڵ بکرێـت و نەبێتـە سەرچاوەی ئیلهامبەخشی خزمەتی مرۆڤایەتی .

لەڕێگـەی پـەروەردەوە منـاڵ بەباشـی دەبێتـە کارەکتـەرێکی گرنـگ و خـاوەن شـکۆی بـەرز لـە دواڕۆژدا، بۆیـە

(عەبولكەریم بەكار) بەم جۆرە باسی پاراستنی شكۆی منداڵ دەكات و دەڵێ :

(بردنی شكۆی مندڵ، چەوساندنەوەیەتی، ئەویش كارێكی خراپە).

ئەوەی گرنگ بێت و مایەی ویستی ئێمە بو لەسەر شكۆمەندی مرۆڤ و بایەخ و ڕۆڵی پەروەردە لەم وتارەدا تا ڕادەیک ئاماژەمان پێداوە، بەو هیوایەی لایەنی پەیوەندیدار كاری لەسەر بكات و بیكاتە بەشێک لە فەلسەفەی پەروەردە و ڕەنگدانەوەی لەناو كۆمەڵگەدا[٥] ..

---

[٥] لە ٢٠٢١/٧/٢٦ بلاو كراوەتەوە (kurd plat ) لە ماڵپەڕی

# ڕۆڵی وانەکانی سرودو موزیك و لەقوتابخانەکاندا

لەووڵاتـە پێشـکەوتووەکان، ئـەو ووڵاتانـەی پەروەردەبـە بنچینـەی گۆڕانکـاری و گەشـەپێدانی ژیـان و گەیشـتن بـەژیاری دادەنـێن، وانەکانی سروود و موزیك و وەرزش و چالاکیەکان لەبواری ڕاهێنان و گەشـتی زانسـتی و هونـەری و وەرزشـی ....هتـد، بایـەخ و گرنگـی گەورەترە لەو وانانەی لـەناو پۆلـدا مامۆسـتا لـە ڕێگـەی، پرۆگرامـی دیاریکراوی ناو کتێبەکان قوتابیان فێردەکات، بەڵام لەو ووڵاتانەی کەبەهەڵـەو بـە پێچـەوانە لەچـەمك و ڕەهەنـدەکانی پـەروەردە تێگەیشتوون و لایان وایە، ئەو وانانـە زۆر بایـەخیان نیـە و پێویسـتە بکرێنە قوربانی وانەکانی تر، زۆربەمان لە ژیان و سـەردەمی قوتـابی بوونمانـدا بینیومانـە، کـەمافی ئـەو وانانـە چـۆن خراوەتـە خزمـەتی بیرکاری و زانست و کیمیاو وانەکانی تـر، ئێمـەش لەناخـەوە پێمـان



تۆ بلێی کام سیستەمی پەروەردە ئـەم ڕێگا چـەوتەی خسـبێتە نـاو کایە و بواری پرۆسەی پەروەردەوە؟

گـەلی کـوردیش وەك نەتـەوەکانی تـر، گرنگیـداوە بەسـرودو موزیـك چونکە تاقە فاکتەری پاراستنی کەلتووری نەتەوەیی بووە.

بـەو هۆیـەی ئـەم گەلـە هەمیشـە چـاوی دوژمنـانی لەسـەربووە، بەدرێـژایی مێژوولەسـەنگەری بەرگریـدا بـووە دژ بـە داگیرکـاران و زۆرجـاریش شـەڕی خۆبـەخۆی نـاو هـۆزو تـیرەو ئیمارەتـەکان بۆتـە فاکتەری بەردەوامی شەڕ لە نیشتمانەکەماندا.

بۆیە سرودو گۆرانی و موزیك بونەتـە دەربـڕی ئـەو شـێوازەی ژیـانی کۆمەلآیـەتی و سیاسـی ئـەم گەلـە، ئەمـە وەك گشـتی بەسـەرژیانی کۆمەلگەوە، وەك تایبـەتیش لەپرۆسـەی پـەروەردەدا بەشـێوەیەکی گشـتگیر ڕەنگـی نەداوەتـەوە، بـەو هۆیـەی گرنگـی و بایـەخ زیـاتر دراوەبەبابەتەکانیتری خوێنـدن، کـە مـن پـێم وابـێ هەڵـە تێگەیشـتن بـووە لـەو بابەتانـە، هەرچـەندە لەسـەدەی ڕابـردوودا چـەند مامۆسـتایەك کـە لەحوجرەوگوندەکاندابایـەخی زۆریـان بەسـروودو موزیك و وەرزش داوە، وەك مـەلا کاکـە حەمـەی سـەیفولاّ کـە ڕۆڵ و

بایەخی گەورەی دابووبەگشت وانەكانو ئەو قوتـابی و خوێندكارانـەی ئەو وانەی پێووتون، شایادی ئـەدەن كـە چـەند پـەروەردەیی بـووە، مامۆسـتا مسـتەفا نـەریمانی خوالێخـۆش بـوو لـەڕیزی (دیوشـن)ی ئـــەمریكی و (ڕاجینســـكی) ڕووســـی داینـــاوون، كـــە دوو زانـــای پەروەردەیی گەورەی دوو وولاّتی گەورەی دنیان.

لەناو پرۆسەی پەروەردەشدا، ناكرێ ڕۆڵ و بایەخی چەندین شاعیری گـەورەی كـورد كـە پیشـەیان مامۆسـتا بـووە، فـەرامۆش بكـرێن لەوانە(كاكەی فەلاح ، گۆران ، بێكـەس ، ئەحمـەد هـەردی، زێـوەر، دڵدار، بـەختیار زێـوەر، لـەتیف هەڵمـەت، ع .ع .شـەونم، ....)هتـد نـاكرێ هـەموویان نـاوزەد بكـەین ئەگـەر كـراو تەمـەن مەودایـدا، جارێكیتر لە بیلۆگرافیای ئەم بابەتە باس و شێوازی نوسین و فۆرم و ئاراستەی بونیادی پەروەردەیی دەیكەینە بابەتێكیتر.

دوای ئەوەی كورتەیەكمان لەگرنگیدان بەوانـەكانی وەرزش و سـروود و موزیك خستەڕوو لەپرۆسـەی پـەروەردە و خوێندنـدا، كـاتی ئـەوە هـاتووە، ڕۆڵ و بایـەخی سـروود و موزیـك لـەم خاڵانـەدا كـورت بكەینەوە:

١- ڕاهێنانی قوتابی و شکاندنی ترس و شەرم کە هۆکارن تا باش فێرنەبن و وانەکە وەرنەگرن.

٢- دەرکەوتنی منداڵی بەهرەمەند و دەنگخۆش کەدەکرێ لەدواڕۆژدا کەسانی هونەرمەند و تایبەتمەندیان لێدەربچێ لەبواری هونەردا.

٣- دروستکردنی جەوێکی ساف و خۆش بۆقوتابیان تا زیاتر حەزیان لەخوێندن بێت.

٤- کردنەوەی مێشکی منداڵ و فراوانکردنی بۆ وەرگرتنی بابەتە زانستیەکان لەناو پرۆسەی پەروەردەدا.

٥- ڕواندنی هەستی بەرزی نیشتمان پەروەری و خۆشەویستی گەل و نیشتمان لای منداڵ بەناڕاستەخۆ.

٦- دروستکردنی گیانی هاوکاری و تەبایی لەنێوان منداڵاندا.

٧- سەرنج ڕاکێشانی کەسوکاری قوتابی لەکاتی بەشداریکردنی منداڵەکانیان لە چالاکیەکانی قوتابخانەدا.

٨- هەستکردن بە بەرپرسیاری و دەرخستنی کەسێتی خوود لای قوتابی.

ئەمانە هۆكاری باشن تا وانەكانی سروود و موزیك گرنگی و بایەخی زیاتریان پێبدرێ و نەدرێنە بەشەوانەی تر لەبەر خاتری تەواوكردنی پرۆگرامی ساڵانەی خوێندن[٦].

[٦] ئەم وتارە لەگۆڤاری پەروەردەی ڕۆژهەڵات ژمارە ٢ ی نیسانی ٢٠١٤ لەلاپەڕە ٣٠ بڵاوكراوەتەوە.

# زمانی دایک لەناو پڕۆسەی پەروەردەدا*

زمانی دایک ئەو زمانەیە كە لە سەرەتای فێربونی قسەكردندا، منداڵ لەگەڵی ڕادەهێنرێت و فێردەكرێت و ئاراستە دەكرێت، تابتوانێت بەشێوەیەكی ڕاست و دروست مانای هەمو ئەو شتانە بزانێت كە لە ژینگەكەی دا بونیان هەیە، زانایان پێیانوایە زمانی دایك یەكەم زمانە كە مرۆڤ بەكاری دەهێنێت بۆ شارەزابون و وەرگرتنی زانیاری و تێگەیشتن و ئاڵوگۆڕی بیروڕاو پەیامەتایبەتەكان.

یەكەم فێرگەی زمانی دایك ماڵە، لەناو ئەو ژینگەیەشدا زمانی قسەكردن و گفتوگۆی ئەو خێزانە ئاراستەدەكرێت بۆ منداڵ و فێری وشە سەرەتاییەكان دەكرێت، بەجۆرێكی تر زمانی دایك یەكەم زمانی فێربونە كە لە دایكەوە فێری منداڵ دەكرێت، هەربۆیە بەناوی دایك ناونراوە، چونكە نزیكترین كەس و یەكەمین مامۆستای منداڵ بۆ چاودێریكردن و بەخێوكردن و فێركردنی منداڵ دایكە، دوای ئەوەی منداڵ فێری زمانی لێكتێگەیشتن دەكرێت ڕوبەڕوی ژینگەیەكی تر دەبێتەوە كە كۆڵانە، لەوێوە منداڵ وزە و توانا زۆرەكانی جەستەی بەتاڵ دەكاتەوە بە ئەو ژینگە كۆمەڵایەتیە

جۆراوجـۆرو جیـاوازەی ژینگـەی پێشـوتری كـە مـاڵ بـوە، لـەدوای ئـەو دو ژینگە جیاوازەی پێشـوتری منـاڵ، ژینگـەی سێیەم دێت كە روكردنە باخچەو قوتابخانە بۆ فێركردن و پەروەردە كردن دێت، بۆ ئاراستەكردنی منـاڵ بـە زانیاری دروسـت و ئاشـنابون بـە خواسـتەكانی و فەراهـەمكردنی ویستە نەبینراو و شاراوەكانی مناڵ و بـەئاكام گەیاندنیان و گەشـەپێدانیان لەڕێگـەی قوتابخانـەو خوێندنگـەوە بـەهۆی كارەكتـەری زانسـتی و كارامـە لـەبوارە جیاوازەكانـدا كـە مامۆستایانن.



ڕۆڵی زمانی دایک لەناو پرۆسەی پەروەردەدا چۆنە؟

پرۆسەی پەروەردە، بە بنەمای فەلسەفەیەكی دیاریكراوی پەروەردە ئەنجام ئەدرێت، هەر وڵاتێك و نەتەوەیەك سیستەمێكی گونجاو بۆ بواری پەروەردەو فێركردن لەناو چوارچێوەی فەلسەفەی پەروەردەدا ئەنجام دەدا، هەر دەوڵەت و وڵاتێك لەدەستوری خۆیدا ئاماژە بە زمانی فەرمی و زمانی دایك دەكات، بەهەمو بوارەكان لە گفتوگۆو پرۆگرامی خوێندن و یاساو دادوەری ئەو زمانە بەكار دەهێنن، تەنانەت گرنگی زمانی دایك ڕەنگدانەوەی هەیە لە سەر شارەزابون و ناسینی كەلتوری گەلان، هەر مرۆڤێك بیەوێت شوێنی نیشتەجێبونی خۆی بگۆڕێ و سەفەر بكات بۆ وڵاتێكی تر، ئەو شوێنەی بۆی دەچێت ڕەزامەند نابێت بە مانەوەی تا زمانی دایكی ئەو شوێنە بە باشی فێر نەبێت.

لەسەردەمی دەسەڵاتداری ڕوخاوی بەعس بەو دڕندەییەی خۆیەوە زمانی دایكی كوردی كردبو بە فەرمی لە هەمو عێراق و خوێندن لە قۆناغی سەرەتایی لە كوردستاندا هەر بەزمانی كوردی بو، هەرچەندە خەبات و قوربانی و خۆپیشاندانی گەورە بۆ ئەم ئامانجە لەلایەن خەڵكی

کوردستانەوە ئەنجامدرا، ئاکام ئەو ئامانجە بەدیهات، تا پۆلی چوارەمی سەرەتایی هیچ زمانێکی تر جگە لە زمانی دایک لە کوردستاندا نەدەخوێنرا، ئەمەش راستە گرنگی زمانی دایکی باشتر ئەخستە ناو هزرو مێشکی منداڵانی کوردەوە، بەڵام فێرنەبونی زمانی تر ئەوەش هۆکارێکی خراپە لەدوارۆژدا ئەو قوتابی و خوێندکارانە بەباشی ناتوانن فێری زمانی تر ببن جگە لە زمانی دایک، من لەم وتارەمدا نامەوێ زمانەکانی تر بخرێنە پەراوێزی پرۆسەی پەروەردە، زۆر پێویستە گرنگی بە زمانی تر بدرێت، بەڵام لەدوای زمانی دایک (کوردی) بەتایبەت زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی فێری قوتابیان بکرێن و گرنگیان پێبدرێت لەناو پرۆگرامەکمانی خوێندندا.

لەکۆتایی ساڵی (٢٠١٤) وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم بڕیارێکی سەیری دەرکرد کەناوی (بە ئینگلیزی کردنی ناوەندەکانی خوێندن) بو بۆ وانەکانی بیرکاری و زانستەکان، ئەم کارە لەسەرەتادا پلان و بەرنامەڕێژی باشی بۆ نەکرابو، بۆیە لە زۆربەی پارێزگاکانی هەرێم پاشەکشەی کردو زۆربەی ناوەندەکانیان لەو پرۆسەیە

هەڵپەسارد، خراپی ئەم پرۆسەیە لەم ئەم خاڵانە بەدیدەکرێت:

١-ئەنجامنەدانی خولی راهێنانی پێویست بۆ مامۆستایانی ئەو بوارە، چونکە خولی کورت بۆ ئەم پرۆسەیە ئاکامی نابێت.

٢ -وانەکانی بیرکاری و زانست لە قۆناغی بنەڕەتیدا تەنها بە زمانی ئینگلیزی دەخوێنرێن، واتە زمانی دایک هیچ گرنگی پێنادرێت، ئەمەش کارێکی نەگونجاوە منال بە زمانی دایک ژمارە فێرنەبێت و نەزانێت.ش

٣ -قۆناغەکانی دوایی بنەڕەتی کێشە بۆ خوێندکاران دروست دەکات لەبواری زمان و شێوازی ئاخاوتن وەرگرتنی زانیاری.

٤ -نەخوێندنی ژمارە بەزمانی دایک کێشە بۆ نەوەکانی داهاتو دروست دەکات لە مامەڵەکردنی بازاڕو ئاڵوگۆڕ، چونکە ئەو کەسانە ژمارەکان بەزمانی دایک ناناسن و نازانن.

٥ -فێربونی زاراوە زانستیەکان بە زمانی تر جگە لە زمانی دایک، فەرامۆشکردنی زاراوە زانستیەکانی زمانی دایکە.

٦-گرنگی زۆرتر بەو دو وانەیە (بیرکاری و زانستەکان) لەلایەن دایکان و باوکانی قوتابیان بەهۆی قورسی بابەتەکانیان وایکردوه وانەکانی تر پەراوێزبخرێن، ئەمەش کارێکی ناهاوسەنگە لە کۆششی قوتابیان و خوێندکاران بۆ پرۆسەکە.

شیعرێکی شاعیری پێشکەوتنخوازی کورد مامۆستا گۆران ئەوەمان بۆ دەرئەخات کە ئەرکی قورس لەسەر مامۆستایانە کە بەبیری وردی خۆیان نەوەکانمان پێشبخەن، تا لەکاروانی زانست و زانیاری گەلان بە ئاگابین و دوانەکەوین، بۆیە وتویێتی:

**ئەگەردوێنێ مامۆستاکان**
**سوڵتانێکیان پێ ئەگەیان**
**ئەمڕۆ ئەبێ مامۆستای کورد**
**دانیشێ بەڕاوێژی ورد**
**رێگەی پێگەیاندن دانێ**
**بۆ ملیۆنان نەک سوڵتانێ**

بـەپێی ئـەزمونی گـەلان و پێشـكەوتنە دیاروبـەرچاوەكانی پرۆسـەی پـەروەردەو فێركـردن، گرنگیـدان بـەزمانی گـەلان كـارێكی پێویسـت و گونجـاوە، بـەڵام هەمیشـە دەبێـت وەك زمـانی دوەم بناسـرێت نـەك بكرێتـە زمـانی فێربـون و سـەرەكی قۆناغـەكانی خوێنـدن و زمـانی دایـك وەلا بنرێـت، هەندێك سەرپەرشتیاری تایبەت بەم پرۆسەیە وای بۆدەچن كـە ئـەمكارە گونجـاوە، بـەڵام لەسـەر مامۆسـتایانی زمـانی كوردی ئەركەكە قورستر دەكەن و پێیان وایە ئـەبێت زمـانی دایـك لەلایـەن ئەوانـەوە بەباشـی فێـری قوتابیـان بكـرێن، ئەمـەش دورە لـە راسـتی، چونكـە پرۆگرامـی زانسـتەكان و بیركاری دو وانـەی جیـاوازترن لـە زمـانی كـوردی و ئـەلیف بێی كوردی، هەر مامۆستایەو بـەپێی پلانـی سـاڵانەی خـۆی وانـەكان دەڵێنـەوە، لەوكاتـەدا تـەنها فریـای پرۆگرامەكـەی خـۆی ئەكـەوێت كـە فێربـونی پیتـەكانی ئـەلیف بێـی كوردیـە نەك زاراوەی زانستی و ژمارەكان.

هیـوادارم وەزارەتـی پـەروەردە بـە توێژینـەوەی زانسـتی و ئەزمونی تاقیكراوەی ئەم پرۆسەیەدا بچێتـەوەو رێگربێت لـە فەرامۆشـكردن و پەراوێزخسـتنی زمـانی شـیرینی كـوردی،

پێویســـتە بـــە بەرنامەیـــەکی باشـــتر زمانـــەکانی تـــر فێـــری قوتابیان بکرێن، چونکە بەهۆی زمانـەوە شـارەزای کـەلتورو مێژو و رۆشنبیری گەلان دەبین[٧].

[٧] لەماڵپەڕی knnc ) و سبەی) بلاوکراوەتەوە.

## ئامانجە باڵاکانی پەروەردە

پرۆسەی پەروەدەو فێرکردن لەکۆمەڵگە شارستانیەکان پێگەی بەهێزی هەیە و لەهەمو سێکتەرەکانی تری ژیان زیاتر برەوی هەیە و گرنگی زۆرتری پێدەدرێ، بەڵام لە کۆمەڵگە دواکەوتوەکان نەبۆتە جێگەی بایەخ و سەرنجدان و کەوتۆتە پەراوێزەوە، بەپشتگوێخستنی ئەم پرۆسەیە تەواوی کۆمەڵگە دێتە دواوەو پاشاگەردانی یەخەی دەگرێت و نەزانین و هەژاری ئەبنە ئەو نەخۆشیە ترسناکەی بەرۆکی کۆمەڵگە بەرنادەن .

گەشەپێدانی ئەم پرۆسەیە بە پلان و بەرنامەی زانستی و توێژینەوەی ئامانجدار بەدیدێن، چونکە هەر هەنگاوێکی بەرنامەڕێژی و زانستی و ئەزمونکراو راستە ڕێی ئامانجی گشتی تەختتردەکات و ڕەوتی ڕۆیشتن بۆ بەرزی ئامانج زوترو خێراتردەکات، راستە دۆزینەوەی ئەم ڕێگەیە قورس و سەختە بەڵام ئایندەی گەشە، بۆیە ئەرستۆ بە ڕەگی داری تاڵ باسی دەکات و بەرهەمەکەی بە شیرین ناودەبات (ڕەگی پەروەردە تاڵە، بەڵام بەرهەمەکەی شیرینە) .

لەناو پرۆسەی پەروەردەدا كایەیەک رۆڵ دەگێڕێت ئەویش فێركردنە، ئەمیش پشكێكی گەورەی هەیە لە بەدیهێنانی ئامانجی پرۆسەكە لە شێوازو جۆری ئەو فێركردنەی بۆ پرۆسەی پەروەردەو فێركردن ئاراستە وەردەگرێت، بەپێی جوگرافیاو شوێنگە، فێركردن، لە كۆمەڵگەیەكەوە بۆ یەكێكی دی جیاوازی هەیە، هەر كۆمەڵگەیەک كار لەسەر بنەمای راهێنانی عەقڵ بكات، ئەو كۆمەڵگەیە فێركردن تێیدا بەئاراستەیەكی باش و دروست ئەنجام ئەدرێت، وەک ئەلبێرت ئەنیشتاین دەڵێت: (فێركردن بەمانای فێربونی راستییەكان نییە، بەڵكو راهێنانی عەقڵە لەسەر بیركردنەوە).

یەكێكی تر لەو ئەركانەی پرۆسەی پەروەردە ئەنجامی ئەدات گەشە پێدانی ئارەزووەكانی تاكە، لەناو كۆمەڵگەی كوردیدا ئەگەر هەڵوێستە بكەین بۆ ئەم بوارە، توشی شۆک و سەرسام بون ئەبین, بەهۆی ئەوەی نەتوانراوە گەشەپێدان و گرنگیدان بە ئارەزوی تاک بكرێتە سەرچاوەی ئامانجی باڵای پەروەردە، لەم وڵاتەدا هەوڵ و كۆشش، بۆ ئەنجامدانی ئەزمون و گەیشتن بە پلەی بەرزو

باڵا، كە پۆلێنكردنی بابەت و پیشەگەلێكی تایبەتن، ئەوانیش زیاتر بیر لەئامانجە باڵا مادییەكان و گەیشتن بەوان دەكەنە ئەنجام لای زۆربەی خەڵك و كۆی گشتی پرۆسەی پەروەردە ئەو تێڕوانینەی دروست كردووە كە ئەمانەش لە بنچینەدا هۆكار گەلێك لەپشت ئەو خواستە نالۆجیكەدان، نەك بەپێی خواست و ئارەزوومەندی كار لەسەر بنەما زانستی و تایبەتیەكان بكرێت، كاتێ ئەمانە پێچەوانە بونەوە ئارەزوە تایبەتییەكانی تاك بەدی نایەن و ناخەملێن و داهێنان نابێتە ویستگەی ئاوات و ئارەزو لەبوارە تایبەتیەكان لای تاكەكانی كۆمەڵگە، (ڤۆلتێر) وتەنی: (پەروەردە گەشەپێدانی ئارەزووەكانە نەك دروست كردنیان). بەپێی ئەم وتەیە بێت لەناو كۆمەڵگەی كوردیدا ئارەزووەكان نەك گەشە ناكەن بەڵكو دەخرێنە چاڵی بەدینەهاتن لەپێناو روگەمادییەكان، بۆ دیاریكردنی خەوش و كەموكورتیەكانی پرۆسەی پەروەردە، چاوخشاندنەوە بەكۆی پڕۆسەكەو دانانی خاڵە بەهێزەكان بۆ بەردەوامی و دیاریكردنی ئەوانی تر كە پێچەوانەن و لەگەڵ رەوتی گەشە كردنی كۆمەڵ نایەنەوە بە چارەكردنیان و دانانی ئەڵتەرناتیڤی جێگرەوەی

باشتر، تا تایبەتمەندی و خولیاو ئارەزووەکانی تاک لەناو پرۆسەکەدا بونیان هەبێت و یەکانگیری خولیاو ئاراستەکردنی لەناو پەروەردەدا بکرێنە ئامانج، بۆ گەیشتن بە باڵا نمایی و ئامانجە گەورەکە لەناو پەروەردەداو خەونی کۆمەڵگەیەکی شارستانی و پێشکەوتو ئەبێتە راستی بۆ ژیان[٨].



[٨] لەماڵپەڕی (سبەی) بلاْوکراوەتەوە

# ساڵی نوێی خوێندن چۆن دەست پێبکات؟

بـەپێی داوایـەک کـە لەلایـەن وەزارەتـی پـەروەردەی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان، ئاراسـتەی ئەنجومـەنی وەزیـران کـراوە، وابڕیـارە ٩/١٤ دەرگـای قوتابخانـەو خوێندنگەکان والابکرێن بۆ پێشوازی لەساڵی نوێی خوێندن، ئەگـەر بـارودۆخی تەندروسـتی بەرەوباشـتر چـوو، لیژنـەی بـالاّی ڕووبـەڕووی کۆرۆنـا، سـەلماندی دۆخەکە گونجـاوە, ئەوە دەست دەکرێتەوە بە خوێندنی ناوپۆل.

لـەدوای سـاڵی ٢٠١٤ دۆخێکـی سـەختی ئـابوری یەخـەی هـەرێمی کوردسـتانی گـرت، ئـەوەش بـەهۆی ڕێکنەکـەوتنی حکومەتی هەرێم و ناوەند و نەناردنی پشکی بەشە بودجەی هەرێم و پابەند نـەبوونی هـەرێم بە ڕێککەتنەکانەوە، هـاتنی داعش و شـەڕو بەرگریش دۆخەکەی ئاڵۆزترکرد، سـەرەڕای ئـەوەی حکومـەتی هـەرێم نـەوتی خـۆی ڕاسـتەوخۆ دەفرۆشـێت و داهاتـەکانی نـاوخۆو خاڵەسـنوریەکانیش بۆخـۆی بـوو، بـەلاّم نـاڕوونی ئـەو داهاتانـەو بێپلانـی و گەنـدەڵی و بەهـەدەردان کـارێکی وایکـرد، زۆربـەی سێکتەرەکان پەکیان بکەوێت.




سێکتەری پەروەردە لەوانی تر پێوەی دەرکەوت، بەو هۆیەی موچە پاشەکەوتی  کاتی نادیارکراو پاشان موچەی چەند  مانگێک  نەدرا لەهەر ساڵێکدا، ئەمە بووە دەربڕینی نارەزایی مامۆستایان و بایکۆتکردن و چوونە شەقام بۆداواکردنی  موچەکانیان، لەوکاتەشدا خوێندنی چەند ساڵێ پەکیکەوت، دیارە بەرپرسی ئەو دۆخە ناسەقامگیرە، تەنها حکومەتەو باجەکەشی  منالانی کورد ئەیدەن، ئەوەی جێگەی پرسیارکردن و رامان بوو، حکومەت جگە

لەبەکارهێنانی زمانی زبرو ئازاردانی مامۆستایان، هیچ وەڵامێکی مامۆستایانی نەدایەوە.
لەپاش ئەوە دۆخێکی گشتگیری ناتەندروستی جیهانی هاتەپێش بەهۆی پەیدابوونی قایرۆسی کۆرۆنا، ئەویش فاکتەرێکی تربوو بۆ دواخستنی بێ مەبەستی پرۆسەی پەروەردە، ئەتوانم بڵێم ناچاری بوو، دیسان باجەکەی چووە سەرشانی منالان، بەهۆی بێبەش بوونیان لە فێربوون و پرۆسەی پەروەردە، هەرچەند جۆرو سیستەمی ئۆنلاین دانرا، بەڵام شکستی خوارد و ئامانجەکانی نەپێکا، ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆ دانەنانی پلانی پێش وەختە و باری گرانی سەرشانی کەسەکاری منالان، لەئەوروپا سەرەڕای ئەوەی بەباشی تەکنەلۆژیا کاری لەناو پرۆسەی پەرەووەردەدا پێکراوە، هەموو منالێکیش لەلایەن حکومەتەوە، ئایپادێکیان بۆ دابینکرا، تا پرۆسەی ئۆنلاین سەربخەن، بەڵام گرفتەکان لێرە زۆر بوون و چارەسەریش نەکران، خەڵک هەبوو ئەیوت حکومەت موچەی مامۆستایان نادات، ئیتر چۆن ئایپاد و مۆبایلی باش بۆ منالان دابین دەکات؟.

دابڕان لە خوێندن لەلای منالان کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر ڕادەی ئاستی گەشەکردن و قراوان بوونی بیرو هەست، چونکە منال لەگەڵ گەشەی جەستەدا پێویستی بە زانین و پەروەردەو فێرکردنە، بۆئەو ماوە زۆرەی بێبەش بوونیان ئەبێ ئەو چەند نەوەیە پێویستی پرۆسەی خوێندنیان چۆن قەرەبوو بکرێتەوە؟ لەکاتێکدا هیچ پلانێکی ڕوون و دیارنیە بۆ ئەو مەبەستە، هەربۆیە پارساڵ، بڕیاری خوێندنی ناوپۆل بە نۆبە و کەکردنەوەی ژمارەی قوتابیانی پۆلەکان درا، تاڕادەیک لەوە باشتر بوو کە هیچ نەخوێندرێت، بۆئەمساڵی خوێندنی ٢٠٢٢/٢٠٢١ بەڕای بەندە، پێویستە چەند هەنگاوێک بۆ دەستپێکی خوێندن لەمساڵدا بنرێت، کە ئەمانەن:

١- دوو مانگی یەکەم پێداچوونەوە بکرێت لەچەند بابەتێک بۆ خوێندنی بازنەی یەکەمی بنەڕەتی بەتایبەت وانەکانی کوردی و بیرکاری

٢- وەزارەتی پەروەردە هەوڵ بدات کەموکوڕییەکانی قوتابخانەو خوێندنگەکان بەپێی پێویست و کاری لەپێش دابین بکات

٣-پرۆگرامەکانی خوێندن بەتەواوی بدرێن بە قوتابی و خوێندکار

٤- ناکرێ لەدوای چەند مانگ لە خوێندنی بابەتێک گۆڕانکاری تێدا بکرێت و کتێبیچکی تر لەجێی دابنرێت، ئەو گۆڕانکاریانە بخرێنە سالّی داهاتوو، تا منالاَن سەریان لێ تێکنەچێت

٥- پێویستە حکومەت موچەی مامۆستایان بەهەموو دەرماڵەو بەرزکردنەوەو سالاَنە دوانەخات و لەکاتی خۆیدا بیداتە مامۆستایان

٦- ئەو ئەرکەی سالاَنی ڕابردوو بەناوی خوێندنی (بریتش کانسل) خرابووە سەر کەسوکاری قوتابی و خوێندکار دووبارە نەبێتەوە، حکومەت پێداویستیەکان جێبەجێ بکات

٧- خول بۆ مامۆستایان بکرێتەوە بەلاَم، ئەو کەسانەی وانەبێژن ، نابێ بڕوانامەکانیان لە خوارماستەرو دکتۆراوە بێت، نەک بۆ ئیمتیاز چەند کەسێک وەک ناسیاوی و مەنسوبیەت دابنرێن

٨- لەپۆلەکانی تردا پێویستە هەڵسەنگاندنی ئاست بکرێت تا بەڕاپۆرت بدرێتە لیژنەیەکی پسپۆڕو تایبەت

٩-خوێندنی هەرێم، بەراورد بکرێ بەو دەوڵەتانەی لەئێمەوە نزیکن، تا وەک ئەوان هەنگاو بنرێت

١٠-پێداچوونەوە بە خوێندنی ئەهلی و ناحکومی، وابکرێت هاوسەنگی بپارێزرێت

ئەم هەنگاوانە پرۆسەی پەروەردە بە ساڵێک و دووان دەخاتەوە سەرسکەی ڕاستی و دروستی خۆی، بەهیوام وەزارەتی پەروەردە، گوێ لەخەمخۆرانی پرۆسەکە بگرێت، ئەمەوێ بەوتەیەکی مستەفا نورەدین کۆتایی بە وتارەکەم بێنم کە ئەڵێ:

(کەتامی تاریکیی نەزانی کرد، بۆی دەرکەوت کە، زانین ڕووناکییە)

ڕەووف محەمەد ئالانی

## ڕۆڵی پەروەردەی خێزان، پێش چونە قوتابخانەی منداڵ*

پرۆسەی پەروەردە، پرۆسەیەکی عەقڵی وکردەیی لەسەرخۆیە وپێ بەپێ لەگەڵ گەشە کردن و گەورەبوون، ئەویش کاریگەری خۆی دەکاتە سەر هەڵسوکەوت و کردارەکانی ئەوتاکە، پرۆسەی پەروەردە، لەدوولایەنەوە بەرجەستە دەبێت و ڕەنگدەداتەوە، لەسەر کەسێتی ئەو کەسە، بەتایبەت لەمنداڵدا.



یەكەمیان: ئەوبەرنامە ڕێژیەیە كە لایەنی بەرنامە داڕێژ ئەیەوێ لەسەر كەسێتی ئەو تاكە بەرجەستەی بكات و لەسەر كەسێتی ڕەنگبداتەوە، وەك دایكێك كاتێ ئەیەوێ منالەكەی لەدرۆكردن دووربخاتەوە، بەناڕاستەوخۆ و بەهێنانەوەی نمونەی بەرجەستەی كۆمەلآیەتی و گێڕانەوەی چیرۆك تا ئەو هەستە بچەسپێت، كە درۆ كارێكی خراپە بۆ مرۆڤ.

دووەمیان: منالْ ئەو هەستەی بەخەیالْ لا بەرجەستە ئەبێت، كەویست و ئارەزوو حەزی لەو شتەیە، بەلآم نازانێ چۆن بەدەستی بێنێ، ناچار هانا ئەبات بۆ كردنی كردارێكی نادروست، پاشان دوورخستنەوەی لەلایەن كەسانی بەرامبەری، كەبەرپرسن لەومنداالە، نمونە، وەك مندالێك كاری بردنی كەلوپەل ، لەقوتابخانە ئەنجام ئەدات ، بەلآم هاوڕێ قوتابیەكانی و مامۆستاكانی پێی ئەزانن، بەشێوازێك لەو شێوازە پەروەردەییانە مامەلەی لەگەلْ ئەكرێت و هەولْ ئەدرێت دووبارەی نەكاتەوە.

واتـــە لەیەكـــەمجاردا بـــە پـــەروەردەو گێڕانـــەوەی چـــیرۆكی پەروەردەیی ئاراستەكرا، بەڵام لـەجاری دووەمـدا بەئەنجامـدانی كارە ناپەروەردەییەكە و هەست پێكردنی كـە كـارێكی خراپـە، بۆئەمەش لەلایـەن كەسـانی نزیكـی خـۆی و لایـەنی پـەروەردە، كــاری ڕێنــوێنی ئــەكرێت، كەئــەو كــارەی كردوێنــی چــەند ناتەندروستە.

لێرەوە بۆمان دەرئەكەوێت، كە ئاراسـتەی كـاری پـەروەردەیی لای دایـك و بـاوك چـەند گرنگـی هەیـە بـۆ ئاینـدەی منـاڵ لەكۆمەڵگەدا، بەڵام ئەگەر منـداڵێك لـەناو خێزانێـك لـەدایك بـوو، ئاســتی گەشــەكردنی ووشــیاری و ڕۆشــنبیری لــەو خێزانــە و ژینگەیەدا، زۆر نزم بێت، ئەو كاتە كە مناڵەكە بـەرەو قوتابخانـە بەڕێــدەكرێت، هەڵســوكەوتی تاچــەند پــەروەردەیی دەبێــت و مامۆســتاكانی گیرنــاخۆن و مانــدوو هــیلاك نــابن، تــا كــەمترین پەروەردەی فێربكەن و ئاراستەی كرداری باشی بكەن؟.

حەزرەتی مەحوی باش وەڵامان ئەداتەوە و ئەڵێ:

ئەبێ برژێ ئەوکەسەی کاسەی خەیاڵی پڕ بووبێ

موعەلیم، زایعە عومری لەگەڵ تفلێ کەبەد خووبێ.

لــەم ڕوانگــە فەلســەفیە و عەقلانیــەی حەزرەتــەوە، بۆمــان دەرئەکەوێ، کەمنداڵێك لەماڵ و پێش هاتنە قوتابخانە، کـەباش ئاراســتە نــەکرابێ، هبلاکــی و مانــدووبوونی مامۆســتاکەی وەك پێویســت ڕەنگناداتــەوە، کــەمتر کاریگــەری لەســەری ئــەبێت، هەربۆیــە لــەو ســەرەتایەدا زۆر لەمنــدالآن حــەزو ویســت و ئارەزوویان لەخوێندن نابێ و قوتابخانە بەزیندان ئەزانن، کـاتێ زەنگی کۆتایی هاتنی وانەکان لێـدەدرێ، بـەهاوارو هـاژەو فیکـە لێـدان ئـەو هەسـتە دەرئـەبڕن، ئـەڵێن بـەربووین، هـەمووشمان ئـەزانین بـەربوون، بۆدەرچـوونە لـەوەی لای ئـەوان زیندانـە و ئازاد دەکرێن.

نمونەیەکی تر لە دێڕەشیعرێکی فایەق بێکەس، دێنینەوە لەسەر کاریگەری دایك بۆپەروەردەی منالً ئەڵێ:

تەربیەت، لەلای داکە

## داك چاك بوو، ئەولاد چاکە.

کەواتـە، دایـك ڕۆڵ و کاریگـەری باشـی هەیـە لەسـەر پرۆسـەی پەروەردەی  منداڵ پێش ناردنی بۆقوتابخانە، هەمیشە مامۆستا هەست بەو قوتابیانـە ئـەکات، کـە پـێش هاتنیـان بۆقوتابخانـە، لەباخچـەی سـاوایان بـوون، لـەخێرایی فێرّبـوون و ئاسـتی وەرگرتنـی زانیـاری و ڕاهاتنیـان، لەسـەر زۆر لـە ڕەوشـتەکانی قوتابخانە،ئەمەش ئەوەمان بۆئەسەلمێنیْ، کە منداڵ بەو جۆرە ئەتوانریْ، لای دایك و باوکی باشتر ئاراستە بکریْ، بۆ پرۆسـەی پەروەردەو فێرکردن.

ناکریْ ڕۆل و بایەخ و کاریگەری مامۆستاش لەم پرۆسـەیە، دوای دایك و باوك نادیدە بگیریْ،بەبایەخـەوە سـەیر نـەکرێت، چـونکە مامۆسـتا ئاسـت و گەشـەی پرۆسـەکە، بەرزئەکاتـەوەو لەگـەڵ هەنگاوەکانی تەمەنی مرۆڤ بەرەو ئاکامی ئەبات و ئەیخەملێنیْ و

ئـەنجامی كەسـێتی بـەرزو شایسـتـەی نـاو كۆمەڵگـە، بەرهـەمی مرۆڤی باش و سودمەند دروست ئەكات[٩] .



[٩] ئەم وتارە لەگۆڤاری پەروەردەی ڕۆژهەلاّت ژمارە (١) ی ٢٠١٤ بلاّوكراوەتەوە

## شپرزەکردنی پرۆسەی پەروەردە و ئاکامەکانی

دەوڵەتانی پێشکەوتوی جیهان ، هەموویان دان بەوەدا دەنێن هۆکاری گەشەکردن و پێشکەوتنیان ، بە گرنگیدان و بایەخدان بووە، بە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن، ئەو گرنگیپێدانەش لەئەنجامی توێژینەوەی زۆرو ئالۆو وێرکردنی بیروبۆچوون، لەگەڵ شارەزایان و پسپۆڕانی بواری پەروەردەو هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی سەردەم و قۆناغەکانی گەیشتن بەو سیستەمە دروستەی کە خۆری گەشی ئایندەی نیشتمان و نەتەوەی لێ ببینرێت و هەنگاوە دروستەکان لەسەر ڕێگەی تەختکراوی ئامانجدار ببینرێت، یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی کارو پڕۆژەی گونجاو کارکردنە لەسەر دەرونی مناڵ و ئاراستە کردنی بۆ خۆشەویستی و ژیاندۆستی ، نوسەری گەورەی ئینگلیز ویلیەم شکسپیر(١٥٦٤- ١٦١٦) لەسەر گرنگی پەروەردەکردن و فێرکردن و کاریگەری لەسەر خۆشەویستی خود و ئەوانی تر، دەڵێ: (سالانێکی زۆرکارکردنمان لە سەر پرسی فێربوون لەبواری

پەروەردەدا، لەگەڵ ئەوەشدا كەسمان فێرنەبوین خۆمان خۆش بوێ. )

ئەم وتەیە دەرخەری ئەوەیە، كە پرۆسەی پەروەردە بەبێ چاندنی تۆوی خۆشەویستی خود و ئەوانی تر هیچ ئاكامێكی نابێت.



ئایا لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس و دامەزراندنی حکومەتی هەرێم ، کار لەسەر ئەو پرسە کراوە؟

بـۆ وەڵامـی ئەم پرسـیارە پێویسـتمان بە هەڵسـەنگاندن و شیکاریەکی وورد هەیە لە بواری دەرونی و کۆمەڵایەتی و ئاسـتی گەشـەکردنی زانسـت و بەهەسـتیاری وەرگرتنـی ئاشتی کۆمەڵایەتی و ژیاندۆستی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا، چـونکە سـێ دەیە،زەمەنـێکە دەبێـتە ڕەنگـدانەوەی بـواری کـۆمەڵایەتی و بینینـی ئەو پێـوەرانە کە تاچەنـد پەروەردە کـاریگەری لەسـەریان هەبـووە و تـا چ ئاسـتێک تـوانراوە ، کۆمەڵگەیەک کە شـەکەتکدراوی ستەمی دەستی داگیرکاری و چەوسـاندنەوەی ڕژێمێکـی وابووبێـت، ئایـا هەناسـەیەکی ئـازادی و پەروەردەیەکـی دروسـت و دادوەریەکـی بەداد، ماندوێتی و هیلاکی ئەم نەتەوەیەی ڕەواندۆتەوە؟

بۆ وەڵامـی ئەمـانە، مـاتەم سـەرو دڵمـان دەگرێـت ، چـونکە سـەراپای پرۆسـەی پەروەردە بەدەسـتی نەزانـین و هەنـدێ جاریش بەئەنقەست بەرەو لێواری وێرانکردن براوە، ئێمەی کـورد لەم هەرێـمە بچـوکەی ڕزگـار بـووی ژێـر دەسـتی سـتەمکاری ، پێویسـت بـوو هەنگـاوی زۆر گەورەو بە

پـرۆژەی جـوانی پـڕ بەرهەم کارمــان بکـردایە ، بەتــایبەت لەبــواری سیســتەمی پەروەردەو فێرکــردن، ئـێمە جـگە لە بەردەوام بوون لەسەر هەنگاوەکانی بەعس هیچمان نەکرد، لەوانەیە هەندێک لەوانەی سـودمەند بون لەم شـێوازە بلّێن، تـۆ چـۆن وا ئەلّێی، ئەوەنیە خوێندن و پرۆسـەی پەروەردە هەیە چەنــدین زانکــۆ لەهەمووشــارەکاندا بوونیــان هەیەو سالأنە دەیان خوێندکار زانکۆ تەواو دەکەن؟.

ڕاسـتە قوتابخـانەو خوێنـدنگا و زانکۆکـان، بوونیـان هەیە و سـالأنە هەمـوو قۆناغەکـان بەپێـی ئەو شـێوازە ی دانـراوە ، تەواو دەکــرێن، بەلأم ئایــا ئامــانجە گەورەکەی پرۆســەی پەروەردە و فێرکردن بەدیهاتووە؟

جۆزیـف جـوبێر (١٧٥٤-١٨٢٤)ئەلّـێ : (پرۆسـەی فێرکـردن دووجـار فێرکـردنە)، لەم وتەیەوە وەلأمـی ئەوانە ئەدەمەوە، کە ئەمجۆرە سیستەمەیان لا پەسـەندەو بەبـاش ئەینرخێنن، ئایا تەنها فێرکردن (خوێندنەوەو نوسین) دەبێتە تەواوکاری لەپرۆسەکەدا؟

خــۆ هەمــوو دزو چەتەو مافیــاو گەنــدەڵەکانی جیهــانیش دەتوانن بنوسن و بخوێننەوە، نەک هەرئەوە بگرە ئەو پرسە بۆ ئامانجەکانیان بەکاردێنن.

بــۆیە جۆزیــف ، دووجــار دووپــاتی فێرکــردن دەکــاتەوە ، بیگومــان دووەمیــان بــۆ ئاراســتە گەورەکەیە کە ئامــانجی مرۆڤی پڕ هەست و سۆزو ژیاندۆست بەرهەم بێنێت.

لەم هەرێــمەدا پرۆســەی پەروەردە بەئاقــاری شــپرزەیی و شــێواوی ئاراســتەکراوە، جگە لە بەحیزبیکردنــی ســەرجەم پرۆســـەکە لەلایەن حیــزبە دەســـەڵاتدارەکانەوە، تەنــانەت وایــانکردووە، هەمـوو مرۆڤێکـی بەئاگـاو وشـیار، نیشـانەی پرس بـۆ پرۆسـەکە دابنـێ و بلـێ بـۆچی بەم ئاقـارە خـراپە براوە؟

هەر لە ناونـانی قوتابخـانەو خوێندنگەکان ، کە چەند سـاڵێ لەمەوبەر لەوتارێکمـــدا ئامـــاژەم پێـــداوە، ئەوانەی بـــوونە قوربـانی و گیانیـان بەختکـرد بـۆ ڕزگـاری و خۆشـبەختی نەتەوەکەمان، نەمرن و جێگەی شانازین و چییان بۆبکرێت، نابێتە دڵۆپێک خوێنی ڕژاویان ، دەکرێ گەورەترین خزمەت بەکەســوکارو نەوەکانیــان بکرێــت و نــاوی خۆشــیان لە

مۆزەخانەو ئەرشیفی نەتەوەدا بەجوانی تۆمار بکرێ، بەڵام بۆچی تێکەڵ بەپرۆسەی پەروەردە بکرێن؟.

لەناونانی قوتابخانەو خوێندنگەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، بەپێی پێوەرە پەرەوەردەییەکان، ئەمە کارێکی نادروستە، پێویستە پێداچونەوەی بۆبکرێت و هەوڵبدرێت سیاسەت لەپەروەردە دووربخرێتەوە،،

دڵنیام ئەوە ناکەن، چونکە نەوەیەکی ووشیاری دوورلە ئایدۆلۆژ، دەبێتە تەریکخستنی عەقڵی تەسکی حیزبسالاری.

ئەوەی لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا بینرا، بەتایبەت لە فرۆشتن و زانینی پرسیارەکانی قۆناغەکانی نۆیەم و دوانزیەم ، لەتاقیکردنەوەی نیشتمانیدا، بەجۆرێک ڕەنگدانەوەی خراپی هەبوو لەناو خوێندکاران و کۆمەڵگەشدا، هەیبەت و ناوی پرۆسەکە بۆئاستێکی زۆر خراپ دابەزی، پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی پۆلی نۆیەمی ئەمساڵیش بەتایبەت زمانی کوردی ، شێواوی و شپرزەییەکی زۆر بێمانای خولقاند، چۆن و کێ و بەچ ئامانجێکی نالۆژیکی و ناپەروەردەیی ئەم پرسیارە دانراوە؟

ئەکـرێ بـۆ ســەلماندنی ئەوەی بەڕێـز وەزیـری پەروەردە دووره لەم جۆره کاره ناپەروەردەییەی بەدیکرا، لیژنەیەکی پەروەردەیی بێلایەن هەڵسـەنگاندن بۆئەوکاره بکات و بۆ ڕایگشـتی ڕوونبکاتەوه، تا کاری وا خراپی ناپەروەردەیی دوبـاره نەبێـتەوه و هەنگاوێـک بنـری بـۆ دیـاریکردنی ئایندەیەکی باشـترو جـوانتر بـۆ سیسـتەمی پەروەردەو فێرکردن لەهەرێمی کوردستاندا[١٠].

[١٠] لەهەردووماڵپەڕی knnc و diplomaticmagazaineبلاَوکراوەتەوە

## کام هەڵسەنگاندنی مامۆستایان؟



هەڵســـەنگاندن، لەهـــەموو بوارەکانـــدا گرنگـــی و بایـــەخی تایبـەتی خـۆی هەیـە، لـە دیاریکردنی چـۆنێتی و چـەندێتی و دیاریکردنی ئاست و ئەنجام.

جا ئەگەر کاری هەڵسـەنگاندنەکە، بـەپێی پێوەری ڕەوایی و زانستی جێی خۆی بگرێت، ئەوا مافی تـەواو دەدرێت بـەو کارە وئاستەکە دیاری دەکات، بەڵام ئەوەی جێی سـەرنج و تێڕامانـە، لـەبواری هەڵسـەنگاندنی سـاڵانەی مامۆسـتایانی سـەرەتایی ( بنـەڕەتی) کـەموکوڕی زۆر بەدیـدەکرێت،

کەئەرکی سەرپەرشتیارانی پەروەردەییە، لەساڵەکەدا کەبۆ هەرمامۆستایەک ئەنجامی دەدەن، بۆئەم مەبەستە فۆڕمی تایبەت دانراوە، بۆ هەربوارێک، لەبوارە پەروەردەییەکان نمرەی دیاریکراوی بۆتەرخانکراوە، بەڵام گەر بەووردی سەرنج لەو جۆرە هەڵسەنگاندنانە بدەین، جێی ڕازو گلەیی زۆربەی مامۆستایانە، چونکە مافی خۆیان نادرێتێ و نارێکی و نایەکسانی لەو هەڵسەنگاندنانەدا ڕەنگی داوەتەوەو بوارەکان بەبێ ئاگاداری بەڕێوەبەری قوتابخانەکان لەلایەن سەرپەرشتیارەوە دیاری دەکرێت و نمرەی بۆ دادەنرێت، هەرچەندە بەڕێوەبەری قوتابخانە شارەزایی لەئاست و دەوامی مامۆستا وبوارەکانی زانستی و پەروەردەیی و دەروونی زیاترە لەسەر ئەو مامۆستایانەی کە سەرپەرشتیار هەڵیاندەسەنگێنێ، سەرپەرشتیار ئەگەر ساڵانە(٣) جار سەردانی قوتابخانە بکات، بەڕێوەبەر هەموو ڕۆژانی دەوام ئاگاداری لە هەموو بوارەکانی مامۆستایان هەیە کە پەیوەستن بە هەڵسەنگاندن، ئەگەر پرس و ڕا بە بەڕێوەبەر بکرێت لەو کاتەدا هەڵسەنگاندنەکە باشتر دەبێت، لەوەی سەرپەرشتیار خۆی

نمـرەی هەڵســەنگاندنەکە دابنێـت، ئەگــەر سەرپەرشــتیارو بەڕێوەبەر هاوکاربن بۆ ئـەو جۆرە هەڵسـەنگاندنە پێویسـتە ڕەچــاوی ڕێبــازی زانســتی و پــەروەردەیی بکرێــت تــا هەڵسـەنگاندنەکە، حـەقی خـۆی وەربگرێت، بـەڵام بەداخـەوە ئەو جۆرە هەڵسەنگاندنانەی ئێستا دەکرێت هیچ مامۆستا و بەڕێوەبـەرێک ئاگادار نابێت، تـا لـە پۆسـتەی قوتابخانەکـەدا دەیبیــنن، هەڵســەنگاندنێکی نــاڕەواو بــێ هــیچ پێوەرێــک دیـاریکراوە کـە زیـاتر میزاجیـە و خواسـتی تایبەتییـە نـەک بنــــەمای زانســــتی، هەربۆیــــە زۆر گلــــەیی و گازنــــدە لەسەرپەرشـتیاران دەکرێـت، کـاتی ئـەوە هـاتووە، چـاو بخشـێننەوە، بـەو جـۆرە کارانـەدا بۆئـەوەی مامۆسـتایانیش بــڕوا بــەوە بهێــنن کــە کارەکانیــان لــەتای تــەرازووی پــەروەردەدا، بــەجوانی دەبینرێــت و هەڵســەنگاندنیان بۆدەکرێـت، نـەک وەک ئـەوەی ئێسـتا ئـەنجام دەدرێـت، کـە شێوازە کۆن و بەسەرچووەکان پەیڕەو دەکرێت[١١].

---

[١١] لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (٢٩٠٧) ڕۆژی ٥/١١/ ٢٠٠٢ لە لاپەڕەی پەروەردەو زانکۆ، بڵاوکراوەتەوە

# گەشە پێدانی پرۆسەی پەروەردە



لەدوای ڕاپەڕینی گەلەکەمان، لەئازاری (١٩٩١) و هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، جارێکی تر چاوی هیواو ئومێد بەئایندەی گەلەکەمان گەشتر بوو، بۆیە گرنگی زۆر درا بە گشت بوارەکانی ژیانی کۆمەڵی کوردەواری، بەتایبەت ئاوەدانکرنەوەی هەموو ئەو گوندانەی کەڕژێمی ڕوخاوی بەعس بەمەبەستی دابڕینی مرۆڤ لەزێدی خۆی و نەمانی هیچ ئینتیمایەک بۆخاک، ڕایگواستبوون و سەرجەم خەڵکی

گوندەکانی خستە ناو دیوارو پەرژینی وەهمەوە، تاپڕیشکی شۆڕش و کوردایەتی لەخۆی دووربخاتەوە و هەرەس بەبیری شۆڤینی و چەوسێنەرانەی بەعس نەهێنرێت، بەڵام، تروسکەی ئەم کوردایەتییە بووە، ئەو مەشخەڵەی هەموو قوژبنێکی کوردستانی گرتەوەو خەونی ناحەزی داگیرکەرانی تاساند، لەگوندەکانداخوێندنگەو وانەی عەشقی ئازادیی و جوانی کوردستان بەچاوو دڵی منالآن ئاشناکران و مامۆستایانی خەمخۆر بە بیری وورد و دڵی پڕلەخرۆشی ئازادیی مندالآنی کوردستانیان فێرکرد، کەسەری بەرز بۆ هیچ ئاستەنگێک نەوی نەکەن، لەگەڵ ئەم هەموو کارە باشانەی کە بۆ پەروەردەکراوە، دەکرێت حکومەت، بەر لەکردنەوەی دەرگای خوێندنگەکان، لەساڵی ئاییندەدا چاوێک بخشێنێتەوە بە زۆریی ژمارەی خوێندکاران، بەتایبەتی لەشارو شارۆچکەکان، تامندالآنی کورد بەباشی وانەکان فێرببن، هەروەها چاوێک بەو خوێندنگانەدا بگێڕێت، کەدوو دەوام و سێ دەوامیان تێدایە، واتە پرۆسەی پەروەردە گرنگی  زیاتری پێبدرێت، هەنگاو بنرێت بۆگەشە کردنیان، بەزیادکردنی مووچەی مامۆستایان و دابینکردنی دەرماڵەی

هـاتووچۆ بۆیـان و خانەنشـینکردنی ئـەو مامۆسـتایانەی توانای پـەروەردەکاریان کەمبۆتـەوە، جگـە لەمانـەش گرنگی بدرێت بەوانـەکانی کۆمپیوتـەرو ژوورەکانی وانـەی هونـەرو تاقیگە، دڵنیام ئەو ئاواتانەی کەنەوەی نوێ بۆ ئایندەیـەکی گـەش و پڕ لـەژیاریی و خۆشـی خوازیارییـەتی لەئەجێنـدای کارەکانی ساڵی داهاتووی حکومەتی هەرێمدا دەبێت[١٢].

[١٢] لەڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ژمارە(٣٦٠٤) لە ٢٣/ ٢/ ٢٠٠٥ بلاوکراوەتەوە

## گرنگیدان بەژینگە، لەپرۆسەی پەروەردەدا

بـۆ پرسـە گرنـگ و هەسـتیارەکانی کۆمەڵگـە، ئەگـەر مەبەست بێت لەناو ژیانی خەڵکدا، ئەوپرسانە جێگیربکرێن، پێویسـتە پـێش هـەموو هـەنگاوێک، بـەووردی بەپرۆسـەی پـەروەردەدا بچنـەوە، لـەوێوە هـەنگاو بنرێـت، بـەدانانی نەخشـەو پـلان و بەرنامـە بـۆ ئـەوەی ئـەو بابەتـە بەباشـی لەناو کۆمەڵگەدا ڕەنگبداتەوە.



ژینگە لەئەمڕۆی جیهاندا بایەخ و کاریگەری زۆری هەیە، بۆ شارەزایان و پسپۆڕانی بوارە جیاوازەکانی ژیان ڕوون بۆتەوە، کە ژینگەی لەبارو گونجاو هۆکارە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی گەورەو گەیشتن بە مەبەستی بەرزی مرۆڤایەتی.

لە هەموو وولاَتە پێشکەوتوەکانی جیهان، پەروەردەی ژینگەیی بایەخی زۆری پێدەدرێ، لەناو پرۆگرامەکانی خوێندن جێگەی تایبەتی بۆکراوەتەوە، هەرلەبەر گرنگی ژینگە سەدان ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ ئەم پرسە دروست بوون و کاردەکەن،

لەمانگی شوباتی ساڵی ٢٠٠٧ لەکۆنگرەیەکی گەورە بەناونیشانی بانگهێشتی پاریس بۆکارکردن، جاک شیراکی سەرۆکی ئەوسای فەرەنسا، بەهاوکاری ٤٦ دەوڵەت، بانگهێشتنامەی بەرنامەی ژینگە بۆ گۆڕانکاری لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆژینگەیەکی نوێ و بەهێز لەژێر چاودێری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ڕاگەیەند.

ئەمە دەرخەرو سەلمێنەری گرنگیدانە بە ژینگە لەلایەن گەورەترین ڕێکخراوی جیهانی، کەنەتەوە یەکگرتووەکانە.
پەروەردە ڕۆڵ و بایەخی گرنگی هەیە لەپاراستنی ژینگە، چونکە ڕاستەخۆو ناڕاستەخۆ ئامانجەکە بەدیدێنێت، هەربۆیە وولاتە پێشکەوتوەکان، زۆرتر بایەخی پێدەدەن، بەڵام گەلانی دواکەوتوو خۆیان دەبنە هۆکاری وێرانکردن و ناشیرینکردنی ژینگەکەیان، بە تێکدانی هاوسەنگی کەئەویش بەمانە دەبێت( پیسکردن و فڕێدانی پاشەڕۆ، سوتاندنی پاوان و دارستانەکان، ڕاوکردنی گیانداران، بەکارنەهێنانەوەی مادە بەکارهاتووەکان(ڕیسایکلین ).
ئەوەی پێویستە پەروەردە کاری لەسەر بکات لە بواری ژینگە، ڕواندنی خۆشەویستیە، لەناخی تاکدا بەگشتی و منداڵان بەتایبەتی، ئەویش لەڕێگەی پرۆگرامەکانی خوێندن و فیلم و دروستکردنی یاری تایبەت بەو بوارانە و ڕۆڵی ڕاگەیاندنیش ناکرێ فەرامۆش بکرێت.
ئەرستۆی فەیلەسوف لە سەر پاراستنی سروشت و ژینگە جوان وتەکەی ئاراستەدەکات و دەڵێ: ( ئەگەر باشترین ڕێگە هەبێت، بەدڵنیایی ، ئەوە ڕێگەی سروشتە ).

واتـە سروشـت كۆكـەرەوەی هـەموو ڕێگـە باشـەكانە، ئەویش دیارە مەبەستی لەسروشت هـەموو ئـەو ژینگەیەیـە، كـە مـرۆڤ و گیانـەوەرانی لەسـەر دەژی، چونكـە ژینگـەی باش و دروست، گونجاو تەندروست و لـەبارە، بـۆ ئـەوەی خۆشنوودی و كامەرانی لەسایەیدا، بەدیبێت.

ئەگـەر بـەراوردێك بكـەین، لـەنێوان پـەروەردەی ژینگـەی خۆمـان و وڵاتـانی پێشـكەوتوو، هەسـت بـە ناخۆشـی و كەمتەرخـەمی و بێبایـەخی دەكـەین لـەبواری پـەروەردە و ژینگەدا، ئەوان سەدان چیرۆك و بابەتی پەروەردەیی لەناو پرۆگرامـەكانی خوێنـدن دائـەنێن، بـەڵام لای خۆمـان ، ژینگـە وەك پێویسـت لـە نـاو پرۆگرامـی خوێنـدن جێـی نەبۆتـەوە، چونكە تاكە شوێنێك كـە لەڕێگەیـەوە، بتـوانرێ، نـەوە دوای نەوە، لێی سودمەند بێ، كاركردنە لەسەر پرۆسەی خوێندن.

ژینگـــەی پرۆســـەی خوێنـــدن، ئـــەوە بەرهـــەم دێنێـــت كـــە دیـــاریكراوە،(ج. د. موباســـان) دڵنیـــایی دەدات لـــەوبارەوەو دەڵێ: (مرۆڤ كوڕی ئەو ژینگەیەیە، كە تیایدا دەژی).

كاتێ نیازو ئامانجی باش نابێت بۆ ئەو ئامانجەی ئەتـەوێ، لەوكاتـەدا لـەجێی باشـە، خراپە بەرهـەم دێت، لـەم بـارەوە ،

ئەرسـتۆی فەیلەسـوف وتـویێتی: ( نیـازو مـەرامی خـراپ، گورگ و تاوان دەخولقێنێ).

لەئاکامـدا، ئـەوەی پێویسـتە هەڵوێسـتەی لەسـەر بکـەین، و بـەئامانجی بگـرین، ئەوەیـە خـەمخۆران و شـارەزایانی بـواری پـەروەردە بەگشـتی و وەزارەتـی پـەروەردە بەتایبـەتی ، کـە لایـەنی جێبـەجێکاری پلانـی پەروەردەییـە، داوایان لێبکەین، زیاتر بایەخ بە ژینگە بدەن لـەناو پرۆسـەی پـەروەردەدا، جێگـەی شایسـتەی بـۆدابنێن، تائێمـەش وەک گـەلانی دنیـا، بەشـێک بـین لـەو خزمەتـەی پێویسـتە بەژینگەکەمان بکرێت .

## گرنگی چیرۆک له پرۆسەی پەروەردەدا*

چیرۆكی منداڵ ، ئەو باس و بەسەرهاتانەن، كە لە قاڵبێكی جوان، دارِێژراون و ناوەڕۆكەكەی ئامانجێكی پەرەوردەیی لەخۆدەگرێت، چیرۆكی منداڵان، جیاوازە لە چیرۆك بۆ مرۆڤی ئاسایی، چونكە ئەو بابەتانەی لەناو چیرۆكی منداڵاندا، جێگیر دەبن، پێویستە ڕەچاوی ئاستی گەشەكردن و خولیای منداڵان و بەكارهێنانی زمانی سادە تا بەباشی تێی بگەن بكرێت، ئەو پاڵەوانانەی لە چیرۆكی منداڵدا بەكار دەهێنرێن، واباشە منداڵان خۆیان بن، یان گیانداران، چونكە خولیای منداڵان زیاتر ئاشنا بوونە، بەو بابەتانەی دەوروبەری خۆیان، ئەكرێ، ئامانجی چیرۆك ئاراستەكردن بێت بۆ فێركردن و ئاشناكردنیان بەو بابەتانەی لەدوارِۆژدا منداڵ كەڵكی لێوەردەگرێ و ڕێی نیشان دەدات كە بەربەست و ئاڵۆزیەكانی ژیان و ئەوانەی دێنە بەردەمی بەئاسانی و بە جوانی و ووردی مامەڵەیان لەگەڵ بكات.



(رۆبــــەرت ولیـــامز ١٨٩٤-١٩٣١) لـــەبارەی چیرۆکـــەوە دەڵێ:(چیرۆکی باش، نامرێ).

دیارە مەبەست لە چیرۆکی  باش، ئەو چیرۆکەیە، کە بتوانێ لای گـــوێگرو خوێنـــەر  شـــتێک بـــەجێ بێڵـــێ ولـــە ڕووی پەروەردەییەوە،  ئامانجەکەی  بەدیبێت.

چیرۆکـــی نـــوێی ئـــەم زەمەنـــە بـــۆ منـــداڵان، پێویســـتی بـــە ئاوڕدانەوەی چەند لایەنێکی ژیان هەیە کە ئاوێتـەی خـەیاڵی نوســەر  بێــت، تــا بکرێنــە ئامــانجی پــەروەردەیی و منــداڵان

ئاراستە بكات بۆ بینین و ڕوانینی ژیان بە شێوازێكی جوان ئەو لایەنانەش ئەمانەن: ژینگەپارێزی و خۆشەویستی ئەوانیتر(مرۆڤ و گیانەوەران)، هاوكاری، ڕێزگرتن، بڕوابوون بەخوود، هەوڵدان و كۆشش، شێوازەكانی هەڵسوكەوت و مامەڵەی ڕۆژانە، بایەخدان بە خوێندن و خوێندەواری،.....هتد.

نوسەری بابەتەكانی منداڵ بەتایبەت چیرۆك نوسین، پێویستە نوسەر شارەزایی باشی هەبێت، لەبوارەكانی دەروونناسی و كۆمەڵناسی و جوان ناسی، چونكە بەبێ شارەزابوون لەم زانستانە ناتوانرێت هەموو لایەن و ڕەهەندەكانی ژیانی منداڵ، شەن و كەو بكرێت و خواست و ویستی ئەوان، لەناو چیرۆكەكە جێگیر بكرێت.

پێویستە لەناو چیرۆكی منداڵاَندا، هەموو پێویستیەكانی ئەو ژانرە، بەهەند وەربگیرێت و هیچ كەموكورتیەكی تیادا نەبێت، لە شوێن و كات و پاڵەوان و كارەكتەرە جیاوازەكان و ئامانجە گشتی و تایبەتیەكان ، بەبێ ڕەچاوكردنی ئەمانە چیرۆكەكە كرچ و كاڵ و ناتەواو دەردەچێت.

کـارێکی تـری چیرۆکـی منـدالان، گرنگیدانـە، بـە زمـان و ڕاهێنانیـان بـۆ زمانپـاراوی، ئـەویش بـە بـەکارهێنانی وشـەگەلێک و هاوواتاکانیان، یان وشـەی پێچەوانە ئـەویش به شێوازی دەربڕین و گێڕانەوەی چیرۆکەکە

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا ( هانس کریستیەن ئاندیرسێن)ی دانیمارکی بە نووسینی چیرۆکی تایبەت بۆ منداڵان بناغـەی ئەدەبی نوێی منداڵانی لە جیهاندا دانا.

لـەو سـەردەمە و تـا ئـەمڕۆش ئـەم ئەرکـە لـە سـەر شـانی ئـەدەبی زارەکـی واتـە فۆلکـۆر بـووە، کـە لـە هـەر وڵات و ناوچەیەکدا بە شێوەی شـیعر و چیـرۆک و مەتـەڵ و قسـەی نەستەق، شوێنێکی تایبەتی لە سەردەمی منداڵیتی بووە کە تا ئێستاش هەیەتی.

ئەتوانین ئاماژە بـە "پیـەر کاسـتۆر" بکـەین کـە پـێش شـەڕی دووەمی جیهانی وێنەی هێنایە ئاراوە.

پیـەر کاسـتۆر بـە بڵاوکردنـەوەی کتێبـی وێنـەیی و دیـاردە سرووشـتیەکان رۆیشـتە جیهـانی خـەیاڵاوی منداڵـەوە، لـەوە بەدوا وێنە بوو بە پێویستێکی بەرچاو لە شێعر و چیرووکی منداڵاندا.

لە پەنجاکانەوە ئەدەبی منداڵ بە شێوەی شیعر و چیرۆک لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا پەرەی سەند و کەم کەم گەیشتە ئەو ئاستەی کە وەکوو لقێکی تایبەت جێگە و پێگەی لە کتێبخانە و ماڵ و هۆڵی دابەشکردنی خەڵاتە جیهانییەکان دابین کرا.

ئەدەبی منداڵان بەگشتی و چیرۆک لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا وەک پێویت گەشەی نەکردوە و نەبۆتە بابەتێکی گرنگ لە ناو کتێبخانەو تەلەڤزیۆن و سینەماو درامای کوردیدا، جگە لەچەند هەوڵێکی کەسی و چەند نوسەرێکی کەمی بواری منداڵان، ئەمەش ناتوانێت تینوێتی منداڵانی کوردزمان بشکێنێ و نەبۆتە شنەبایەک بۆ ڕەوینەوەی ئەو تەمی هەژاریەی ئەدەبی منداڵان، دیارە هۆکار زۆرن و بۆئەوە دەگەڕێتەوە وەک پێویست ئەم بوارە نەبۆتە جێی بایەخ و گرنگی لەناو سیستەمی پەروەردەو پرۆگرامەکانی خوێندن، دەیان چیرۆکی زارەکی منداڵان بوونیان هەیەو نەکراونەتە بەرهەمی نوسراو، وەک چیرۆکەکانی دەنکە هەنارە و هاوڕێی گیانداران و زۆری تر، ئەگەرکاریشیان لەسەر

کرابێـت نـەتوانراوە بەباشـی لـەناو منداڵانـدا ڕەنگدانـەوەو دەنگدانەوەی هەبێت.

بۆچارەسـەری ئـەم گرفتـەو ئاوڕدانـەوە لەئـەدەبی منـدالان، بەتایبـەت چیرۆک، پێویسـتە مامۆسـتایانی شـارەزای زمـانی کوردی لەگەڵ نوسـەرانی بـواری منداڵ و دەروون نـاس و کۆمەڵناسە کارامەکان، بە پرۆگرامـەکانی خوێندنـدا بچنـەوەو ئـەدەبی زارەکی بکەنـە سـەرچاوەی چەنـد چیرۆکێـک لەگـەڵ بایەخدان بـە چیرۆکـە جیهانیـەکان لـەبواری منداڵداو بیخـەنـە ناو کتێبەکانی قۆناغەکانی خوێندن، تامنداڵانی کـوردیش لـەو ئامانجـە گـەورەو تـام و چێـژ وەرگرتنـی چیـرۆک بێبـەش نەبن[١٣].

---

[١٣] ئەم وتارە لە ماڵپەڕی (diplomaticmagazaine) لە ٢٠٢١/٧/٥ بڵاو کراوەتەوە.

## لە هەژموونی دەسەلاَتی خۆمالَیدا پەروەردە بەرەو کوێ ؟

تێڕوانین و تێگەیشتن و خوێندنەوە و هەلَسەنگاندن بۆپرۆسەی پەروەردەو فێرکردن، هەمیشە دەبێتە پێوەری ئاستی گۆڕانکاری و گەشەسەندنی کۆمەلَگە، ئەوە هەموو نارێکی و نادادیەی کۆمەلَگەی کوردی گرتۆتەوە، بەرهەمی کاری نەزانانەی حیزبەکان و دەسەلاَتی خۆمالَی کوردیە، لەناو پرۆسەی پەروەردەدا، فەرامۆشکردنی بوارەکانی دەروونی و کۆمەلاَیەتی و زانستی ، ئەم ڕۆژەی بەدیهێناوە کە خواست و ویستی حیزبەکان و سەرکردەکانیانە، ئەم وتانە لە بەرپرسی حیزبەکان کەوتە ناو خەلَک و گرنگترینیان ئەمانە بوون:

کیلۆیەک ئێسقان بۆمامۆستا بە خۆڕایی)،( ئەگەر دەرگای قوتابخانەکانیش داخەین، مامۆستایان بەسەر دیوارەکەوە دەچنە ناو قوتابخانەکان)،( مامۆستا و ...... شاریان ناخۆشکردووە

ئەمە ئەو وتانەن کە کەسانی بەناو خەمخۆری گەل و نیشتمان، ئەم هەرێمەیان بەڕێوە بردووە.

بەڵام گۆرانی مەزن بۆ کۆنگرەی مامۆستایان لە شەقڵاوا، بە جۆرێکی جیاواز ڕۆل و کاریگەری مامۆستایان دەبینێت و دەڵێت:

مامۆستایان ئەیانەوێ
هەتاوی کورد، زوو دەرکەوێ
ڕێی بیر بۆ مێشکمان خۆشکەن
زمانمان بەکوردی، گۆشکەن
ئێمەش شوێنکەوتەی ئەوانین
هەم خانەخوێین هەم میوانین.

لەخۆڕا نیە (جۆرج دانتون) دەڵێ : دوای پارووە نانی ژیان لە گرنگترین پێویستی بۆ گەلان، تەنها پەروەردەیە.

ئەمە بۆ ئەو گەلانەیە کە سەرکردەو خولّکی خەمخۆرو دلّسۆز هەبن و یاسا بۆ هەمووان وەک یەک بێت، نەک ئەم کۆمەلًگە شێواوەی دەستی حیزب و سەرکردەی خەمخۆری پاوانخوازی ، کە پەروەردەیان خستۆتە دوای هەموو کایەو پرسەکانی تر.

لەگەرمەی ململانێ ی دەسەلآتی کوردی و بەعس کشانەوەی دامودەزگا کارگێڕیەکان لەلایەن بەعسی ڕوخاو بوو تا وەک فشارێک کۆتایی بە ئامانجەکانی ڕاپەڕین بێت، لەو کاتە هەستیارەدا مامۆستایان بوونە پشت و پەنا بۆ ڕاپەرین و ئازادی کوردستان بە دروشمی (سەری بەرزمان بۆموچە نەوی ناکەین) خەونی تەسلیم بوونیان لەباربرد، ئەوە یەکەم هەنگاو بوو کە توێژی مامۆستایانی ڕووبەڕووی سەختی و دژواری ژیان کردەوە، تەنانەت دەرگاو پەنجەرەی مالّەکانیان دەرهێناو فرۆشتیان، بەلآم ئەم هەلّوێستەی مامۆستایان و لێکدانەوەی لەلایەن دەسەلآتدارانی هەرێم، چۆن بووە و بەچی پاداشت درانەوە؟ بۆ وەلآمی ئەم پرسیارە ئەوەی دەستمان دەکەوێ بێ ئومێدی و گەیشتن بە بیرئالّۆزی یەکانگیرمان

دەکات و یەخەی خەم و حەسرەتی ڕەنجی دەیان ساڵەمان دەگەیەنێتە ئەوەی بڵێین : ڕەنج بەخەسار بووین، چونکە جگە لە دروشمی دژبە ڕاستی هیچی تر بۆمامۆستا و پرۆسەی پەروەردە نەکراوە و بەپێچەوانەوە کار لەسەر تێکچوونی شیرازەی پەروەردە کرا، بەوەی هەمان نەریتی بەعس بەردەوامی پێدرا بەتایبەت دەست خستنە ناو پەروەردە و بەحزبی کردنی پرۆسەکە لەلایەن حزبە باڵا دەستەکانەوە، تەنانەت هەرکەسێک سەر بەخۆیان نەبوو بۆیان بکرایە نەیاندەهێشت وەک مامۆستاش دابمەزرێ، لەو سەروبەندەدا دەیان کەسیان کرد بە مامۆستا کە دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵی بوون، لەو کاتەشدا تەنانەت خولێکی ڕاهێنانیشیان بۆنەدەکردنەوە، تابەباشی پیشەی مامۆستایی ئەنجام بدەن، بەوە نەوەستان زۆربەی ئەوانەیان کرد بە بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و بەرپرسی پەروەردەیی، تەنها لەبەرئەوەی سەر بەحیزبەکانی خۆیانن، لەلایەکی ترەوە دەیان و سەدان مامۆستای بە ئەزمون و قاڵبووی بۆتەی کاری پەروەردەیی پەراوێز دەخران و مافی ئەوەیان نەدەدانێ بکرێنە

بەڕێـــوەبەری قوتابخـــانەیەک، تەنـــانەت کـــۆمیتە و لـــق و ناوچەی حیزبەکان ڕۆڵی یەکلاکەرەوە لە دانانی بەڕێوەبەر و سەرپەشــتیارانی پەروەردەیــی دەبیـنن، بەڵام لەم کـاتەدا کـایەی پەروەردە دەگـات بەچـی و چـی لـێ سـەوز دەبێـت؟ بۆیە (جۆرج کریستۆف) دەڵێ : گوڵە گەنمە پوچەکان بـاڵاتر دەردەکەون لەوانەی پڕن[١٤].



---

[١٤] لەماڵپەڕی ( knnc )و ( سبەی ) بڵاوکراوەتەوە.

ئیتر كامەیە پێشكەوتنی پرۆسەی پەروەردە و فێركــردن؟ هەربەوە نەوەســتان ڕووبەڕووبــونەوەی ناڕەزاییەكانی مامۆستایان گەیشتە بەرزترین ئاست بە شــەق هەڵدان لە كەسـێتی مامۆسـتا و گـوێنەگرتن بـۆ خواستە ڕەواكانیان.

# زەردەخەنەیەکی ئێستا، ئومێدێک بۆ ئایندە

لەناو پرۆسەی پەروەردەدا، ئەوەی کاریگەری هەیە و ئامانج بەدیدێنێت، شێوازی مامەڵەکردنە لەگەڵ قوتابی و خوێندکاراندا، چونکە لەڕووە زانستیەکەیەوە، هەموو کارێک کاردانەوەی هەیە.



لە پرۆسەی پەروەردەدا جگە لە فێرکردن، ئەرکێکی گەورەتر لەسەر مامۆستایانە، ئەنجامی بدەن، ئەویش پەروەردەکردنە، ئەم پرۆسەیەش پێویستی بە توانای بیرو پلانی زانستی و مامەڵەی دروست هەیە، لەڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونی، لێرەوە کەسێتی مامۆستای سەرکەوتوو دەردەکەوێ، بە مامەڵەیەکی ڕاست و

دروست، لەگەڵ قوتابی و خوێندكاردا، گرنگیدان بە لایەنی پەروەردەیی و دەروونی پاشان بایەخدان بە گەیاندنی زانست و زانیاری، ئەم پرۆسەیەش بەهۆی پرۆگرامی پەروەردەیی خوێندن، ئەنجام دەدرێ، ئاكامەكەشی گەیشتنە بەو كۆمەڵگە شارستانیەی خەونی كۆمەڵگەكەمانی تێدا بەدیدێت، بۆیە (كامل دەروێش ١٩٢٧-١٩٩٣) نوسەر و پەروەردەكاری لوبنانی دەڵێ :

(خۆری هەر شارستانیەک بدرەوشێتەوە، تیشكەكانی مامۆستایانن)، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە، بەبێ ڕۆڵ و كاریگەری مامۆستایان لە گەشە پێدانی كۆمەڵگە و گۆڕانكاریەكان، زۆر مەحاڵ و ئەستەمە، بەلام بەپێچەوانەوە، ئەگەر كارئاسانی و هاوكاری و پشتیوانی مامۆستایان بكرێت، گەیشتن بەو ئامانجە بالایە زۆر ئاسانە، هیچ كات نابێتە بەردەكەی سیزیف، ئە و ڕۆمانەی ئەلبێركامۆ، ئاماژە بە ڕەنجی بێهودەو بێ ئاكامی، مرۆڤ دەكات، بەدڵنیایی تاكە دەرچە بۆ دەرباز بوون، لە ڕەنجی بێهیوایی و گەیشتن بە ئارامی تاک و كۆمەڵگە، تەنها دەرمانەكەی لای ئەو پزیشكەیە كە ناوی مامۆستایە، ناكرێت، مامۆستاش شانی لە بەرپرسیاریێتی داماڵرێت و ئەركەكە تەنها بخرێتە سەر لایەنەكانی تر، مامۆستا لەسەریەتی بەبەرنامەو پلانی زانستی و بە ڕوویەكی

گەشـــەوە و دڵێکـــی فـــراوان و خۆشـــەوە، بـــە مامەڵەیـــەکی مرۆڤدۆستانە و بە شێوازی نەرمونیانی و ئارامی کار بکات، چونکـــە ئەمانـــە دەبنـــە ســـەرچاوەی بنیاتنـــانی ڕێـــزو خۆشەویستی لە نێوان خۆی و قوتابیان و خوێندکاراندا، فرۆید وای بۆدەچێت، کاتێ ڕێزو خۆشەویستی لەنێوان مامۆستا و قوتابی هەبێت، دڵنیایی سەرکەوتنی پرۆسەی فێرکردن دەکاتەوە و بەڕوونی هەستی پێدەکرێت، ئەو پێیوایە تاکە هۆکاری فێرکردن، خۆشەویستیە، هەرکاتێ ئەو کارە ڕەنگیدایەوە لەنێوان مامۆستاو قوتابیەکانی ، بێگومان ئامانجەکە دەردەکەوێت، هەر مامۆستایە ڕۆڵ دەگێڕێت، لە دیاریکردنی کەسێتی منال و ئاراستەی دەکات بۆ ئایندە، بۆیە لای زۆربەمان یادگاریەکانی منالێمان ئەو زەنگەیە، ڕۆژانە دێتە ناو بیرەوەریمان و کەسێتی و هەڵسوکەوت و مامەڵـەی مامۆستاکانمان لـە قۆناغـەکانی ڕابـردوودا لێدەدرێتەوە و دەیانکەینە باس و خواس و حیکایەتە شیرینەکانی تەمەنمان، لەم بارەیەوە (فیلۆکسین) دەربارەی کـاری مامۆسـتایان و کاریگـەریان لەسـەر داهـاتووی کۆمەڵگە وتویێتی: (مامۆستا ئەوکەسەیە، کە ڕێمان نیشان دەدات، ژیانێکی ڕاست و خۆش بژین)، ژیانی خۆش و خۆشەویستی و ڕێز گرتن لەناو کەسێتی مامۆستاوە ڕەنگدەداتەوەو دەبێتە هەوێنی کامەرانی بۆ ئایندەی

خۆشنوودی نەوەکانی داهاتوو، بەڵام لە پرۆسەی پەروەردەی ئێستادا، ئەو گوتارە نەکراوەتە کردار و کاری لەسەر نەکراوە، پێم وانیە، تاوانەکە مامۆستا بێت بەتەنها، شێوازی ئەو فەلسەفە کرچو کاڵە و تێکەڵەیە کە سەرلەبەری لەکۆڵخۆکردنەوەیە، مەبەستەکە ئەوەیە بڵێن تەنها دەرگاکانی قوتابخانەکان کراونەتەوە، بۆیە دۆخی پەروەردە بەم ئاستە گەیشتوە، کێشەی گەورەی پەروەردە ئەوەیە گوێ لەکەس ناگرن و سەرنج و تێبینی و ڕەخنەکانی خەمخۆران بەهەند وەرناگیرێت، چەندین بەشی پەروەردەو یەکە هەن کە زیادەن و ئیش دۆزینەوەیە بۆ کەسانی تر، کەی کۆنفرانسە پەروەردەییەکان لەم هەرێمە گۆڕانکاریان دروستکردوە؟

ئەو کۆنفرانسانە، تەنها درونی کراسە بە بەری چەند کەس و بەرپرسێک و هیچیتر، کەی لەناو پرۆسەی پەروەردەدا،کار لەسەر لایەنە دەروونی و ڕوحیەکانی قوتابیان کراوە؟ کام لەو چیرۆکە بەهێزانەی دنیای مناڵ خراونەتە ناو پڕۆگرامەکانی خوێندن ؟ تا کار لە هەست و سۆزی منالان بکات و بکرێتە ئامرازی پەروەردەی ڕوحی و لایەنی سۆزو هەست بەئاراستەی خۆشویستن و ڕێزگرتنی ئەوانیتر، کەئەمانە کاریان لەسەر نەکرابێت، ئەرکەکە دەکەوێتە سەر شانی مامۆستایان و پێویستە

بـزەو زەردەخەنـە و پێکـەنین و خۆشەویسـتی ببەخشـن بـە قوتابیـان و روح و هەسـتیان ئاراسـتە بکـەن ، تـا نیشـتمان پڕببێـت لـە پێکـەنین و خۆشەویسـتی و دووربکەوینـەوە لـەم غەم و ئازارەی ژیانی کۆمەڵگەکەمانی  داگیرکردووە.



## کەسێتی مامۆستا و ڕەنگدانەوەی لەسەر کۆمەڵگە

مامۆستا یەکێکە لە پێکهێنەرە سەرەکیەکەی پرۆسەی پەروەردە، هەر ئەوە دەبێتە هەوێنی بەدیهاتنی، ئامانجە گەورەکە، کە دوو ئاراستەی تەریبی هاوشان لەخۆ دەگرێت، ئەوانیش (پەروەردەکردن)و فێرکردن)ە، لەناو فەلسەفەی پەروەردەدا، زۆر جار کاریگەری و ڕەنگدانەوەی کەسێتی مامۆستا بۆسەر منداڵ، بەدەر لە هۆکارە بۆماوەییەکان، لەهەموو کەس کارتێکەرترو کاریگەرترە، بۆ سەر منالاّ، کاتێ بەم شێوازە، کەسێتی مامۆستا بنرخێنرێت و ڕۆڵ بگێڕێت، لە سەر کەسێتی منداڵ، پێویستە وەزارەتی پەروەردە، پلانی زانستی بۆئەم کارە هەبێت و بە سانایی لەو بابەتە نەڕوانێ، ئەویش بە گرنگیدانی زیاتر بەمامۆستایان، کە زۆر لایەن هەیە پێویستە ئاوڕی لێبداتەوەو کاری لەسەر بکات، ئەوانیش بەچەند خاڵێک دەخەمە ڕوو:

١. ناساندن و سەیرکردنی مامۆستا وەککەسێتی زانستی و پێشەنگ لەناو کۆمەڵگەدا
٢. وابەستە کردنی مامۆستایانبەو ئەرکانەیکەسێتیان لای منداڵبەبەرزی و پڕبایەخ دیار دەخات، وەک ( جل و

بەرگ ، مـامەڵەی گونجـاو، نەرمونیـانی، ئاسـتی بەرزی زانستی....)هتد

٣. كـردنەوەی خـولی دەرونـی و كۆمەڵناسـی و زانسـتی بـۆ مامۆستایان، بەبەردەوامی

٤. پێـــــداچونەوە بە شــــێوازی كـــــارگێڕی قوتابخـــــانەو خوێنــدنگەكان، واز لە دانــانی لابەلا و دەســـت وەردان بهێنرێت، ئەوانە دیاری بكرێن ، كە پابەندی ڕێسكان بـن و ویســت و ئارەزوویـان هەبێـت و ئاسـتی كـارگێڕی و بەڕێوەبردنیان سەردەمیانە بێت

٥. ڕاگەیاندنەكانلەســەریانە كەســێتی مامۆســتا بەباشــینمایش بكەن

٦. دابینكردنی ژیانێكی شایستەی سەردەمیانە بۆ مامۆستایان بەدەر لەو ئەركـانەی ئەكەونە ســەر وەزارەتـی پەروەردە، چەند ئەركێكیش لەسـەر مامۆستا خۆیەتی  كە ئەنجامیـان بـدات، بـۆئەوەی كـاریگەری كەسـێتی ڕەنگبـداتەوە لەسـەر منالأن، كە ئەمانەن:

١. هەوڵـــدان بـــۆبەرزكردنەوەی ئاســـتی زانســـتی خـــۆی و خوێندنەوەی كتێب و قوڵبوونەوە لەو بابەتەی دەیڵێتەوە

٢. ناسین و زانینی كەسێتی خۆی و خۆبەكەم نەزانین

٣. خۆگونجانـــدن، لەگەڵژینگەیكـــارەكەی و ئەوانەی بەریەك كەوتنیان لەگەڵی هەیە

٤. ڕۆڵی سەرکردە ببینێت، بۆ دیاریکردن و ئاراستەکردنی کەسێتی منداڵ

٥. دەربڕینی سۆزو خۆشەویستی بۆ دەوروبەرو ئەوانەی ئاراستەیان دەکات.

لەناو ئەدەبی گەلاندا، ڕۆڵی مامۆستا بەرچاوخراوەو بەبایەخەوە، دەرخراوە، ئەحمەد شەوقی شاعیری گەورەی عەرەبن کە بەڕەچەڵەک کوردە، شیعرێکی جوانی بۆ کەسێتی مامۆستا نوسیوەودەڵێ:

وقم للمعلم وفيه تبجيلا

كاد المعلم ان يكون رسولا

(هەستە لەبەر مامۆستان دەستەو نەزەر

خەریکە مامۆستا ئەبێت بە پێغەمبەر)

لەسۆنگەی ئەو باوەڕەی کە مامۆستا لەناو کۆمەڵگەدا، پێگەی دیارو بەرچاوی خۆی هەیە، ئەو بە کەسێتیەکی بەهێز دەتوانێ، کۆمەڵگە لە داهاتوودا وا نەخشە بکێشێ ڕووی گەشی شارستانی و پێشکەوتن بەرچاو بخات، دیارە ئەو ئەرکەش بەتەنیا  بە مامۆستا خۆی نایەتە دی و ئەنجام ناپێکێ، کەی بەپلان و پرۆژەی زانستی کار لەسەر کەسێتی مامۆستا کرا، لە وپەیمانگەو کۆلێژانەی  مامۆستا تێیاندا دەردەچن و دەبنە خاوەن پیشەی مامۆستا، پێویستە  بیر لە ڕەهەندە گرنگە کان بکرێتەوە و کەسێتی مامۆستا بە باشی

لەبۆتەی قاڵبی کارامەیی و لێهاتوویی لەگشت بوارەکاندا دابین بکات، وەک لایەنی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی، ئەمەش وادەکات نەوەکانی ئایندە لەسایەی ئەو پلانەی دانراوە، ببنە خاوەنی کەسێتی بەهێزو خاوەن ئیرادەی بەهێز.



## پەروەردە، لەنێوان بازرگانیکردن و بەها بەرزەکاندا

ئـــەوەی ئێســـتا لـــەم هەرێمـــە ڕودەدات، بەتایبـــەت لـــەناو سـێکتەری پــەروەردەدا، جێـی تێڕامــان و سەرســوڕمانە، کەسـێک بـەچاوی گەشـەکردنی پـەروەردەو پێشـکەوتنی ژیان، بەراوردی پرۆسەی پەروەردە بکات، توشی شۆک و دڵـەڕاوکێ دەبێـت، چونکـە واهەسـت دەکرێـت بەدەسـتی ئەنقەست و بە پیلانێکی نەخوازراوی نەزانانە، کار لەسەر ئەم پرسە گرنگەی ژیانی کۆمەڵگە دەکرێت، بەرەو بردنی بۆ دۆزەخێکی نادیار، ئەم وتنەشم، بە بەڵگەو نزیک لە ڕاستی و بەرچاوە.

لە کاتی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرزی دووەم، لەمساڵی ٢٠٢١-٢٠٢٢ لە ناو خوێندنگە، دەهاتمە دەرەوە لە دەرگای دووەم نزیک زۆری ماٶستایان، گەنجێک هاتە بەردەمم بەسـتەیەک وەرەقـەی ڕەنگـاوڕەنگی بەدەسـتەوە بـوو، وتـم فـەرموو کاکـە وتـی مامۆسـتا ئـەم وەرەقانـە ئـەدەم بـە قوتابیان و چەند دانەیەکیش بە دیوارو دەرگای قوتابخانە هەڵدەواسـم. وتـم، بـابزانم تایبەتـە بـەچی؟ وتـی خـولی بەهێزکردنی هاوینەیە، پەیمانگەی ئەهلی، وتم نابێ لێرە ئەو ڕیکلامـە بـڵاو بکرێتـەوە، یاسـایی نیـە، دەبـێ ببوری، وتـی مامۆسـتا بـۆچی؟ وتـم کاکـە نـابێ دەبـێ نوسـراوی ڕێگەپێـدانت پێـدرابێت لەلایـەن پـەروەردەوە، ئـەویش لەبـەر

ئـەوەی هـیچ نوسـراوێكی پێنـەبوو، ناچـار قوتابخانـەی جێهێشت.

مەبەسـت لەگێڕانـەوەی ئـەم ڕووداوە، ئەوەیـە: هـەموو قوتابخانـەو خوێندنگـەكان توشـی ئـەم جـۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیـە دەبـن، بـەهۆی زۆری پەیمانگـە ئەهلیەكان، بۆئەوەی بازاڕی هاوینیان گەرم بكەن و بۆهەر قوتـابی و خوێنـدكارێك بڕێـك پـارە وەربگـرن، لـەباتی بەشـداریكردنیان لـەو خولانـەی دەكرێنـەوە، تـا ئـەو مامۆسـتایانەی وانـەكان دەڵێنـەوە، دەوڵەمەنـد بكـرێن، ئـەم دیاردەیە، هێندە زەق و بڵاوە، كاری كردۆتە سـەر پڕۆسـەی پەروەردەو فێركردن، دەبێ بپرسـین، هەرئـەو مامۆسـتایانە نین لـەكاتی دەوامدا وانـە بـەو قوتابیانـە دەڵێنـەوە، بێگومان هیچیان لەو وڵاتێكی تر ناهێنرێن تا دڵنیایی ئـەوە بدەن كە لە مامۆستاكانی تر باشترن و جوانتر پڕۆسـەكە دەگەیەننە قوتابیان و خوێندكاران.

ئـەم پڕۆسـەیە پێویسـتی بـە میكـانیزمی زانسـتی و پلانـی وورد و خوێندنـەوەی بـاش هەیـە، بـۆچی وەزارەتـی پەروەردە ڕێوشوێنی گونجاو دانانێت بۆ ئەو پەیمانگایانە؟.

چەند سـاڵێك لەمەوبـەر، وەزارەتـی نـاوخۆ بـەبڕیار ڕێگـری كرد لە فەرمانبـەرانی خـۆی، كـاری تاكسـی بكـەن، هەرچەند نەتوانرا ئەو بڕیارە جێبەجێ بكرێت، بەهۆی دۆخی سـەختی

ئابوری و لەمپەری دواکەوتن و پاشەکەوتی موچە، ئەگەر ئەم بڕیارە، بۆ وەزارەتی ناوخۆ ئاستەنگی هەبێت، بەهۆی ئەوەی کڕین و خاوەنداریتی ناتوانرێت وەک پێویست ڕێگری لێبکرێت، بەڵام بڕیارێکی لەو شێوەیە بۆ وەزارەتی پەروەردە، زۆر ئاسانە و دەتوانرێت کاری پێبکرێت، چونکە ئەو پەیمانگە ئەهلیانەی دەکرێنەوە، پێویستیان بەمۆڵەتە، دەکرێ چەند ڕێو شوێنێکی یاسایی دابنرێت، بۆئەو پەیمانگە ئەهلیانە، تاکار لەپرۆسەی پەروەردە نەکات، دەکرێت هەرمامۆستایەک خواستی کردنەوەی پەیمانگەی هەبێت، پێش ئەوە مۆڵەتی بێموچە لە پەروەردە وەربگرێت، یان واز لە پیشەی مامۆستایی بێنێت و خۆی بۆ کاری بازرگانیەکە تەرخان بکات، هۆکارێکی بەهێز بۆ دواکەوتنی خوێندکارو نەهێنانی نمرەی بەرز، دەگەڕێتەوە، بۆ بوونی ئەو پەیمانگە ئەهلیانە، چونکە زۆربەی ئەو مامۆستایانەی وانە دەڵێنەوە، ئەو وانەیەی لە پەیمانگەکە دەیڵێنەوە، لەخوێندنگەکە ئەنجامی نادەن، هۆکار زۆرن، یەکێک لەوانە، گەرمکردنی بازاڕی پەیمانگەکانە.

هۆکارێکی تری لاوازی ئاستی زانستی قوتابیان و خوێندکاران، نەبوونی پرۆگرامێکی یەکگرتوی خوێندنە، ڕاستە کتێبی پرۆگرامی خوێندن هەیە، بەڵام مامۆستای وانە بە ئارەزووی دڵی خۆی و بۆ مەبەستی بازرگانیکردن و

پەیداکردنی پارە، مەلزەمەیەک دروست دەکات و لە کتێبخانەو پەڕاوگەکان دایدەنێت، تا خوێندکاران بچن بیکڕن، گوایە دەرچونیان مسۆگەرەو نمرەی باش دەهێنن، ئەمەش پێچەوانەی یاساکانی پرۆگرامی خوێندنە، دەکرێ مامۆستا بابەتەکە پۆخت و کورت بکاتەوە، بۆ قوتابیان، بەڵام نەکرێتە مەلزەمەو بیفرۆشێت، خەڵک هەیە هەزار دۆلاری داوە بە مەلزەمە ووانەی تایبەت، بۆ منالّەکانی، چونکە بۆتە چاولێکەری، دڵنیام لەسەر وتنی ئەمڕاستیانە، زۆر لەو هاوڕێ مامۆستایانەی خەریکی ئەم کارەن، لێم زویردەبن، بەڵام نیشتمان و ئایندەی گەل لای من لەهەموو شتە تایبەتییەکان بەرزو بەڕێزترە، دەکرێ وەزارەتی پەروەردە، گوێ لە خواستی دڵسۆزان بگرێت و بە یاساو ڕینمایی، ئەو هەموو کەلێنانەی لەئایندەدا دەبنە گرفتی گەورە، زوو چارەیان بکات و گوێ لە بەرژەوەندی چەند کەسێکی خۆخوازو بەرژەوەند پەرست نەگرێت، تا ڕێڕەوی پرۆسەی پەروەردە بچێتە سەر ڕاستەڕێی خۆی و چاوی ئومێدو هیوا بۆ ئەم سێکتەرە گرنگە بگەڕێتەوەو ئاستی گەشەکردن و پێشخستنی زانست و زانیاری بەجۆرێک بەرزبێتەوە، خەڵک ئاوات بخوازێت مندالّەکانی بێنێتەوە ناو پرۆسەی خوێندنی نیشتمانی(حکومی)، نەک خەڵک بڕوات بەپارەیەکی

زۆر، کە کاریگەری دەخاتە سەر ژیانیان لەڕوی ئابوریەوە، منالْەکانیان لەو پەیمانگە ئەهلیانە بخاتە بەر خوێندن.



گرفتێکی دیکەی پرۆسەی خوێندن لەم هەرێمەی ئێمە، بونی وانەی تایبەتە، کە ئەمیشیان، بۆتە بەربەستێکی گەورە، بۆ خەڵکی هەژارو کەمدەرامەت، ئەوەش هەر بەشێک لەمامۆستایان دروستیان کردوە، بۆ مەبەستی بازرگانیکردن بە خوێندن و پەروەردە، دەکرێ ئەو مامۆستایانەی وانەکان دەڵێنەوە، بناسرێن کە بۆچی لەناو خوێندنگەکەی خۆیان، کە موچەو بژێوی ژیانیانی لەسەرە، وەک پێویست پەیامەکە ناگەیەنن، بەلاْم لەوانەی تایبەت دەیگەیەنن؟ وەلاْمەکەی دیارە، بۆگیرفان و وەرگرتنی پارەیە، ئەوەی من و زۆر کەس دەیزانین، وێرانەیەک بەهۆی لێنەپرسینەوە، دروست

بــووه، جورێــک جیــاوازی چینایــەتی دەخــولقێنێ، لــەنێوان مامۆســتایاندا، ئــەمیش بــە ڕێنمــایی و یاســا زۆر بەئاســانی چارە دەكرێت، ئەگەر وەزارەت خەمخۆرانەو بێ سڵەمینەوە، كــاری لەســەر بكــات، چاوەڕێی هــەنگاوە ئەرێنییــەكانین، بــۆ دوورخســتنەوەی پرۆســەی پــەروەردە، لــەو بازرگانییــە قێزەونەی خەریكە جوانیەكانی ژیان دەشێوێنێ، بـە ئومێدی بیستنی ئەم زەنگە لەلایەن دڵسۆزانەوە..



# پەروەردەی هاوچەرخ و بنەما دروستەکانی

پــەروەردەی هاوچـــەرخ، گرنگیـــدان و پابەنـــدبوونی یاســـا گـــەلێکی نوێیـــە، لەســـەر بنـــەمای توێژینـــەوەو زانســـتی و پڕاکتیکـــی، لـــەپێناو دۆزینـــەوەی باشـــترین ڕێگـــە چـــارەی تەنگشـــەکان و مامەڵەیـــەکی تەندروســـت لەگـــەڵ ســـێکتەرێکی گرنگی ژیان کە پەروەردەیە، دیارە پـەروەردەش وابەسـتەی کۆمەڵگـەو زنجیرێکـی پتـەوی پێکـەوە بەسـتراوی هـەموو بەش و توێژەکانی کۆمەڵگەیە، ئەمـەش دەبێتـە هانـدەر و ڕێنیشـــاندەرو پلانـــی دووور مـــەودا، لـــەپێناو ئامانجـــە گەورەکە، ئەویش کۆمەڵگەیە، لەم سۆنگەیەوە،پەروەردە بە شێوازی نوێ و هاوچەرخ، پێویستیەکی گرنگە بۆ کۆمەڵگە، بۆیە (جۆرج دانتۆن) دڵنیایی لـەوە دەدات و دەڵێت: ( دوای پـاروی نـانی ژیـان، ئـەوەی یەکـەم پێویسـتیە بـۆ گـەلان، پەروەردەیە).

پــەروەردەی هاوچــەرخ، بــەوە ناکرێــت و نایەتــەدی، کــە سیســـتەم و پرۆســـەکە تووشـــی سەرلێشـــێوان و گرفـــت بکرێـت، ئـەو گرفتانـە بەچەنـد هۆکارێـک دەبنـە لەمپـەری پەروەردەو فێرکردن، کە دەکرێت لەم خالاَنەدا، دیاریان بکەین:

١- بوونی پرۆسەی هەمەجۆر.

لەسەرخستنی پرۆسەی پەروەردەی هاوچەرخدا باشترین پلان بۆسەرخستن و بەرو پێشبردنی پەروەردە، یەک پلانی و تۆکەییە، نەک کۆمەڵێ بەرنامە ی هەمەجۆر، کە جیاواز بن و لەیەک دووربن، ئەمەش بە دامەزراوەی دەوڵەت و وەزارەت دەکرێت.

٢- چاودێریکردنی پرۆسەکە بەووردی، دوور لە بەرژەوەندخوازی.

بۆسەرکەوتن و گەیشتن بە ئاکامێکی دروستی پلان بۆدانراو، هەموو پرۆسەو کارێک پێویستی بە چاودێریکردن هەیە، ئەویش لەرێگەی بەرنامەیەکی زانستی و پلانێکی بەهێز، بەهۆی کەسانی شارەزاو خاوەن بیرۆکەی ڕاست و دروستی زانستی.

٣- هەڵسەنگاندن و ئاکام

دوای ئەوەی پرۆسەکە ئەخرێتە بواری پراکتیکی و ئەخرێتە ژێرچاودێریکردنەوە، ئەبێت لیژنەی هەڵسەنگاندن و چاودێری ڕاپۆرتی ووردی خۆی بداتە لایەنی پەیوەندیدارو ئەنجامەکان خوێندنەوەیان بۆبکرێت، لایەنە باش و خراپەکانی دەسنیشان بکرێن و بەپێی پێویست ، کاریان لەسەر بکرێت.

بەلام بەپێی قۆناغەکانی خوێندن و پرۆسەی پەروەردە، پلانکارو بەرنامەو نەخشەکان، جیاوازن پێویستیان بە پلانی

تایبەتمەنـد هەیـە، لـەخوارەوە گرنگـی پلانـەكان بـۆ ئـەو قۆناغانەو چۆنێتی مامەڵەكردن و كاركردن تیایاندا، دەخەینە ڕوو:

١- قۆناغی بنەڕەتی

ئـەم قۆناغـەش دەكرێـت بـە چـوار بازنـە، بۆهەربازنەیـەک تایبەتمەندی خۆی پێویستەو دەكرێ، بەهەند وەریان بگرین و كاریان لەسەر بكرێت

أ- بازنەی یەكەم

ئەم بازنەیە پۆلەكانی ١بۆ٣ دەگرێتـەوە، زیاتر گرنگیدانـە بـە بواری پەروەردەكردن ئینجا فێركردن، لەم قۆناغـەدا واباشـە ئەو وانانەی زیاتر جولـەی جەستەیی تیایە وەگەڕ بخرێت، لەڕێگـەی ئـەو یـاری و جـولاََنـەوە، منـالاََن فێـری سەرەتاكانی خوێندنەوەو نوسین دەكرێن.

ب- بازنەی دووەم

ئەم بازنەیەش پێكهاتەی پۆلەكانی ٤بۆ ٦ دەگرێتەوە، ئاستی گەشـەكردنی توانـای وەرگـرتن لـە بازنـەی یەكـەم بـەرزترە، لـەم بازنەیەشـدا لەگـەڵ گرنگیـدان بەلایـەنی دەروونـی و پـەروەردەیی، پێویسـتە پێـدانی زانیـاری بـە قوتابیـان گەشەكردوتر بێت، چونكە لەم قۆناغەدا ئامادەكاری دەكرێت بـۆ چونـە نـاو تەمـەنێكی هەسـتیارتر كەئـەویش هەرزەكاریـە(مراهق)، لـەم تەمەنـدا مـرۆڤ لـە گەشـكردنێكی

خێـرا دایـە، لـەڕووی جەسـتەیی و هۆرمۆنتـەکان، بۆیـە پێویسـتە مامەڵەیـەکی وورد وزانسـتی لەگـەڵ ئـەم تەمەنـدا بکرێـت و زیـاتر لایـەنی پـەروەردەیی و هۆشـیاری کۆمەلاَیەتی بخرێتە پێش لایەنەکانی تر.

ج- بازنەی سێیەم

ئـەم بازنەیـە پۆلـەکانی ٧ بـۆ ٩ دەگرێتـەوە، ئـەم قۆناغـە هەسـتیارترین قۆنـاغی ژیـانی مرۆڤەکانـە، لـەم تەمەنـەدا مرۆڤ گەشەکردنی لە قۆناغەکانی پێشوتر خێراترە، ئەم تەمەنە گرنگی زۆری هەیە پێویستە پرۆگرامەکانی خوێندن ، بـەووردی دابڕێـژرێن، چونکـە هـەردوو لایـەنی پەروەردەکردن و فێرکردن، هاوتەریبن، زۆرترین هەڵچوونە دەروونیـەکان لـەم قۆناغـەدا هەسـتیان پێـدەکرێت، لەگـەڵ ئەوەی پێویستە ووزەو تواناکانی ئەم قۆناغە باش ئاراستە بکرێن، چونکە لەم قۆناغەدا نەخشەی ئایندە دیاریدەکرێت.

د- بازنەی چوارەم

ئەم بازنەیە پۆلەکانی ١٠ بۆ ١٢ دەگرێتەوە، لەم قۆناغـەدا، لەگـەڵ گرنگیدان بـە لایـەنی پـەروەردەیی، پێویسـتە گرنگی زیاتر بە لایەنی گەشە پیدانی زانیاری بدرێت، چونکە دوای ئەم قۆناغە هەنگاوو قۆناغی زۆر گەشکردوتر دێتە بەردەم، خوێندکار کە قۆناغی چوونە ناو دنیای زانکۆو پڕ لە ویستی

بەدیهێنانی زانسن و زانیاری و ڕاهێنانیان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە و بەدواداچوون و داهێنان، لە بوارەجیاوازەکاندا.
بۆ هەر بازنەیەک لەم بازنانەی باسکراون، پێویستە بەووردی توێژینەوەی لەسەر بکرێت و هەلومەرج و تایبەتمەندیەکانیان دەستنیشان بکرێت و هەنگاوی دروست بنرێت بۆ ئاراستەی پەروەردەی هاوچەرخ، کەی توانرا ئەو هەتگاوانە بە کردەیی بکرێن و ببینرێن، کۆمەڵگەکەشمان بەباشی هەنگاو دەنێت و دڵنیا دەبین، لە شاد بوونمان بە ژیاری و خۆشنوودی و ئاشتی کۆمەڵایەتی و بە سیستەمکردنی هەموو سێکتەرو بوارکانی ژیان، چونکە ئەو ئامانجە گەورەیە تەنها لە بە هاوچەرخکردنی پرۆسەی پەروەردە پەیوەستە...



# تاقیکردنەوە،لەترساندنەوە، بۆ پێشوازیکردن

تاقیکردنــەوە، پرۆســەیەکە، لــەناو کایــە و ڕەهەنــدەکانی کۆمەڵگــەدا، بەشــێوازی جیــاواز ئەنجامــدەدرێت، بــۆ دیاریکردنی ئاست و هەڵسەنگاندنی کارو لایەن و کەس دیاریدەکرێت.

تاقیکردنـەوە لـەناو پرۆسـەی پـەروەردەدا بـەدوو شـێواز ئەنجام دەدرێت، ئەوانیش:

١- تاقیکردنەوەی زارەکی

ئـەم جـۆرە، بریتیـە لـە هەڵسـەنگاندن، بەشـێوازی (وتـن و زارەکـی) لەڕێگـەی دەربڕینـەوە، لـەم شـێوازەدا، زۆرجـار ناتوانرێـت، بەشــێوازێکی دادپەروەرانــە، بخرێتــە قــاڵبی تاقیکردنــەوەی پێوانــەی دروســتن چونکــە زۆرجــار ئەوکەسەی سەرپەرشتی دەکات، هەندێ لایەنی دەروونی و حاڵەتی خوێندنەوەی تایبەتی کار لەسەر هەڵسەنگاندن و دانانی نمرەو ئاستەکەدا دەکات ، وەک پێویست ماف بە بەرامبەر نادات.

یان وەکو خۆی ئاستەکە ناتوانرێت دیاری بکرێت.

ئەم جۆرە تاقیکردنەوەیە، زیاتر لە بازنەی یەکەمی قۆناغی بنەڕەتی ئەنجامدەدرێت، واتە پۆلەکانی خوێندنی (١بۆ٣).

٢-تاقیکردنەوەی نوسینەکی

ئەم جۆرە لەتاقیكردنەوە، پشت دەبەستێت بە هەڵسەنگاندن و دیاریكردنی ئاست، بە نوسین، جا ئەو نوسینە لەسەر پەڕەی كاغەز بێت، یان بۆرد و شێوازەكانی تر، لەم شێوازەدا، تاڕادەیەك و ئاستێكی باشتر هاوسەنگی لە هەڵسەنگاندن ، دەپارێزرێت، بەبەراورد لەگەڵ شێوازی تاقیكردنەوەی زارەكی.

بەچاوگێرانەوە و ئاوڕدانەوەیەكی مێژوویی بۆ یەكەم ئەزمونی تاقیكردنەوە، ئەبێ بگەڕێنەوە بۆ مێژووی چینییەكان، كە یەكەمجار ئەوان تاقیكردنەوەی نوسینەكیان داهێنا، كە مێژووەكەی دەگەڕێتەوە بۆ ٢٢٠٠ پێش زایین، بەتاقیكردنەوەی ئیمپراتۆری ناسراوە، فەرمانبەرەكانی خۆی دەخستە ژێر ئەزمون و تاقیكردنەوە، بەهەرسێ ساڵ جارێك ئەم تاقیكردنەوەیە ئەنجامدەدرا، بۆ دیاریكردنی ئاست و دانانیان و بەرزكردنەوە پلەكانیان و بە پێچەوانەوە، واتە لابردن و دەركردنی ئەوانەی لەو تاقیكردنەوەیە، دەرنەدەچوون.

لەو مێژووەوە تاقیكردنەوە و هەڵسەنگاندن، بووبە كارێكی گرنگ بۆ هەموو بەش و سێكتەرو لایەنكانی ژیانی كۆمەڵگەی چینی و پەلیهاویشت بۆ بەشەكانی تری جیهان، لە قوتابخانەو خوێندنگەكانیش هەمان كار كرا.

لەمێژووی مرۆڤایەتیدا ئەوە سەلمێندراوە، كە تاقیكردنەوە خۆی هەنگاوێكی گەورەو گرنگە، بۆ كارو پڕۆژە گرنگ و پڕبایەخەكان.
ئیبراهیم كەونی دەڵێ: (هیچ مرۆڤێكی گەورە بەبێ تاقیكردنەوەی گەورە، نابێت، وە هیچ مرۆڤێكی گەورە بێ ئازاری گەورە نابێت).
دیارە لەناو ژیاندا و بۆ هەڵسەنگاندنی مرۆڤەكان تاقیكردنەوە گرنگ و پێویستە، لەناو كۆمەڵگەی كوردەواریشدا، وتویانە، سەفەرو مامەڵە سەنگی مەحەكی ناسینی كەسەكانە.
لێرەوە جیاوازییەكە دەردەكەوێت، لەنێوان تاقیكردنەوەی ژیانی ئاسایی و مامەڵەكردن لەگەڵ ئەوانی ترو دیاریكردنی ئاست، لەگەڵ تاقیكردنەوەی ناو ناوەندەكانی خوێندن،ئەمە وەك نمونەیەك باسمكرد،كە ئەوەش جۆرێكە لە هەڵسەنگاندن و پێوەر بۆ زانین و ئاشنا بوون بە ڕادەی دڵسۆزی و گونجان و نزیكی لە كەسانی تر.
ئەلبێرت ئەنیشتاین(١٨٧٩-١٩٥٥) وتویەتی: (ڕاستی ئەوەیە بسەلمێنرێت، لەبەردەم تاقیكردنەوەدا)
لەم وتەیەی ئەنیشتاین، دەردەكەوێ، زانین و دیاریكردنی ئاست، بەتەنها بە تاقیكردنەوە دەزانرێت.

تاقیکردنـەوە لـەم ناوچەیـە بەگشـتی و لـە کوردسـتاندا بەتایبەتی، بۆتە ئەو مۆتەکەیەی نەک هـەر منداڵاَن بـەڵکو گەورەکانیشـی توشـی ئازاری دەروونـی کـردوە، زۆربـەمان ئەو شەوانەی بۆ بەیانیـەکی تاقیکردنـەوەمان هـەبووە، ئارام نەنوسـتووین و چەنـدین خـەوی ناخۆشـمان بینیـوە، هۆکارەکانیش زۆرن، لەوانە:

١- دروستکردنی دڵەڕاوکێ و ترس لەلایەن مامۆستاکانەوە، بۆ قوتابیان.

٢-نیشاندانی تاقیکردنەوە، وەک تاکە پێوەری هەڵسەنگاندن

٣- دروسـتکردنی نائـارامی هـۆڵی تاقیکردنـەوەو جیـاواز لەڕۆژانیتر

٤- مامەڵـەکردنی تونـد و لێپرسـینەوە لـە قوتابیـان و خوێنـدکاران و دوورخسـتنەوەی کورسـیەکان لەیـەکترو پشکنین و چاودێریکردنی ووردو گەڕان بەناویاندا

ئەمانـە ئـەو هۆکارانـەن، کـە منـداڵاَن لـە تاقیکردنـەوە، دەترسـن، دیـارە ترسـیش هەمیشـە دەبێتـە دڵـەڕاوکێ و سەرنەکەوتن.

بۆئەوەی شێوازی تاقیکردنەوەکان، گۆڕانکاری تێدا بکرێت و لـەو مۆتەکەیـە، ڕزگـاری بکـەین، پێویسـتمان بـە پـلان و پـڕۆژەی نـوێ و دیـدی نـوێی هاوچـەرخ هەیـە، تـا بتـوانین تاقیکردنـەوەکان لای قوتابیـان و خوێنـدکاران، خۆشەویست

بکەین و وایان لێبکەین، پێشوازی لێبکەن، نەک لەترسا ئەوەی ئەشیزانن بیریان بچێتەوە، هیوادارم ئەم داوایەم جێبەجێبکرێت و هەنگاوی بۆ بنرێت.



## کەی حەرەمی خوێندن شکێنرا؟

زۆرجـار وشـەی حـەرەم شـکاندن لـە میـدیاکانی ئـەم کۆمەڵگەیە بـەکاردەهێنرێت، باجـاریَ بزانین ئـەم وشـەیە چیەو کەی بەکاردەهێنرێت ؟

وشـــەی (حەرەم)لـــە حەرامـــەوە وەرگیـــراوە، ووشـــەکە عەرەبیە، بۆ ئـەو شتانە بـەکار دەهێنرێت، ئەنجامـدان و کردنیان بەپێی یاساو ڕێساکان، ڕێلێگیراون.

بـــەجۆرێکی تـــر (حـــەرەم) ســـنورێکی دیـــاریکراوی ڕێزلێگیـراوە، کـە ئـەو شـوێنە نـاکریَ سـنورە یاسـایی و کۆمـــەلاَیەتیـــەکانی بشـــکێنرێت، پێویســـتە هـــەمووان وابەستە و پابەند بکرێن بەو یاسایەی بۆی دانراوە.

لـــەم کۆمەڵگەیـــەی ئێمـــە زیـــاتر باســـی حەرەمـــەکانی ( مزگەوت، قوتابخانە، زانکۆ.....) هتد، دەکرێن، ئەوەی لـەم ماوەیـــەدا، لـــەناو خوێندنگەیـــەکی پارێزگـــای ســـلێمانی لەڕێگـەی سۆشـیال میـدیادا بـلاَوکرایـەوە، کـە لـەناو ژوری کـارگێڕی ئـەو قوتابخانەیـە چەنـد چەکـدارێک، پـەلاماری بـاوکی خوێندکارێکیانـداو ئازاریانـدا، ئـەوە بەڕوونی شکاندنی حەرەمی خوێندنگا بوو، بەلاَم ئایا ڕۆژانە لەم هەرێمە سەدان کاری جیاوازتر لـەو شـێوەیە بۆشکاندنی حەرەمەکان ئەنجام نادریَ؟ بێگومان خراپتر

لــەوە كــراوەو دەكرێــت، هــەر لــەماوەى ســى ســالّ حـوكمڕانى دەسـەلاَتـى كورديـدا لـەم هەرێمـە، دەيـان نوســـەرو چـــاودێرو چـــالاكوان خـــەوش و كەموكورتيـەكانى ئيدارەدانى ئـەم هەرێمـەيان خسـتۆتە ڕوو، وەک پێشنيارو ڕەخنە ئاراستەى دەسەلاَتدارانيان كـردوە، بـەلاَم ئـەوان يـان بەناحـەزى نـاوخۆ يـان بەدەسـتى دەرەكـى وەلاَميـان داونەتـەوە و بـەوە سەركوتيان كردوون.

يەكێک لەو باس و بابەتە گرنگانەى كە جێى مشتومڕى بەردەوام بوو حەرەم شكاندنى پەروەردەيە، بەدرێژايى هـەژمونى ئـەم دەسـەلاَتـە ئـەوەى دەبوو بكرايە نـەک هەرنەكرا، حيزبەكان خۆيان تێكياندراوە و لـەو خەراباتە بــەردەوامن، حــەرەم شــكاندن لــەبوارى پــەروەردە لەدەستخســتنە نــاو كــارو بــارى پــەروەردە، ئــەوەى لەخوێندنگەكـەى شـارى سـلێمانى ڕويـدا، لـەچاو كـارە قێزەونـەكانى تـرو پێشـێلكاريەكان نمونەيـەكى بچووكـە، ئــەكرێ پێشــێلكاريەكانى حيزبــەكان بــۆ پرۆســەى پەروەردە، لەم خالاَنەدا كورت بكەمەوە:

١- برينــى موچــە و بژێــوى و مــافى مامۆســتايان و پــەروەردەكاران، بــەبيانووى قــەيرانى دارايــى، ئــەو

قەيرانەش دەستكردو بێ پلانی حكومەتی هەرێمە، كە حيزبەكان ئەنجامياندا

٢- گوێنەگرتن لە داواو خواستی مامۆستايان، كە دواكەوتنی پرۆسەی پەروەردەی لێكەوتەوە بەهۆی بايكۆتكردنی دەوام

٣- سوكايەتيكردن بە كەسێتی مامۆستايان ئەويش بە شەقهەلّدان و زيندانيكردنيان و تۆمەت بەخشينەوە بەو توێژە گرنگەی كۆمەلّگە

٤- دەست وەردان لەكارو باری كارگێڕی قوتابخانەو خوێندنگەكان لەلايەن بارەگاكانی حيزبە دەسەلاَتدارەكان، بە لابردنی ئەو كەسانەی سەر بە حيزب نين و ئەگەرچی شايستە و شارەزاش بن، دانانی كەسانی نەشارەزاو بێ ئاگاو بێ ئەزموون تەنها لەبەر ئەوەی سەربە حيزبن، ئەمەش دەبێتە هۆكاری خراپی كواليێتی پرۆسەی پەروەردە

٥- هەموو كاروبارو ئيشەكانی ئەوانەی حيزبين بەباشی و بێگرفت ڕايی دەبن لە دانان و گواستنەوە و دامەزراندن

٦- كاركردن بە نوسراوی حيزب بۆ دامەزراندن و جياكاری لەگەلّ ئەوانەی بێ لايەنن، ئەم كارە لەناوەندە بالاَكانی حكومەت و وەزارەتەكان ئەنجامدراوە

٧- گەڕان بەدوای ئەوکەسانەی سەربەحیزبەکانن بۆ ئەو پۆست و جێگانەی کە بەهەرهۆکارێک بێت، کەسی یەکەم یان بەڕێوەبەرەکانیان دەست دەکێشنەوە یان خانەنشین دەکرێن، زۆرجار ئەوکەسانە تواناو لێهاتوویی ئەوتۆیان نیەو هیچ پێوەرێکی زانستی نیە، بۆ دانانیان

ئەم مامەڵە نادروستانەی باسمانکردن لەدوای ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١ کاریان لەسەر کراوە، لە هەردوو زۆنی سەوزو زەرد بەردەوام هەنگاوی چەوتیان لەو ڕووەوە ناوە، لەدوای ٢٠٠٩ و دروست بوونی ئۆپۆزیسیۆن ئەم کارانە زیاتر تۆخکرانەوە، دەیان بەڕێوەبەرو مامۆستا بەبیانووی جیاواز لە کارەکانیان دوورخرانەوە یان گوازرانەوە بۆ شوێنی تر و کەسانی خۆیان لەو شوێنانە داناوە

بۆیە ئەکرێ حیزبەکانی کوردستان بەشکێنەری حەرەمی خوێندنگاو قوتابخانەکان دابنێین، زۆر لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری پەروەردە، ئاماژە بە سەربەخۆیی پرۆسەی خوێندن دەکەن و ئەیکەنە پێوەری ڕاستی و دروستی ئازادییەکان و پێشکەوتنی کۆمەڵگە.

هـەرکات ڕێـز حـەرەمی خوێندنگـە و مامۆسـتایان و پرۆسـەی پەروەردە نەگیرا و نـەبووە جێگەی بایـەخی پەیوەندیدارەکان، هیچ چاوەڕوانیەکی باش و ئایندەیـەکی ڕوون لەو شوێنە بەدی ناکرێت..



## گوتارو ئاراستە پەروەردەییەکان

لەسەر گوتاری پەروەردە، کەم وتراوەو لە نوسینیشدا زۆر هەژارین و سەرچاوەمان نیە یان زۆر کەمە، کە لایەنێکی گرنگ و پڕ بایەخە، لە کایەکانی ژیان، بۆ هەموو سێکتەرو بەشەکانی ، گوتار پێویستە، زۆر کەس بە بەردی بناغەی دادەنێن، بەپێی هەر لایەن و بەشێک، بە جیاکاری، گوتار لەپرسە سیاسی و ئابوری و کۆمەلاَیەتیەکاندا، دەبێتە هەوێنی بە ئاکام و ئامانج گەیشتن، بەلاَم گوتاری پەروەردەیی لەهەموو ئەوانیتر زیاتر و زۆرتر پێویستی بە پلان و بەرنامەو خستنەڕوو هەیە، دیارە هەموو پلانێک بۆ کات و ماوەیەکی دیاریکراوە، جا ئەگەر نزیک مەودا یان دوور مەودا بێت، سالاَنە پێویستە لیژنەی دیاریکراو لە بوارەکانی پرۆگرام و شێوازەکان و ئاراستە پەروەردەییەکان دابنرێن، تا ئاستی گەشەکردنی پرۆسەی پەروەردە لە جیهان و گۆڕانکاریەکان و پێداویستیەکان ڕەچاو بکرێن و هەنگاوەکان لەگەڵ بارودۆخ و گۆڕانکاریەکان بگونجێن.

ئەوەی بۆتە لەمپەری دروستکردنی گوتاری پەروەردەیی ، هۆکار زۆرن، سەرەکیترینیان، ئەوەیە لە ولاَتە پاشکەوتووەکان ، هەوێنی دابینکردنی سەرجەم گوتارەکانی ژیان، لە گوتاری ڕامیارییەوە

سەرچاوەدەگرن، بەڵام لە وولاتە پیچشەنگ و پێشکەوتووەکان، بە پێچەوانەوە، پەروەردە دەبێتە هوێن و ئاوێنەی بینینی ئایندەیەکی گەش و ڕوون بۆ کایەکانی تری ژیان، ئێمەش بەهۆکارگەلێک مەحکومین بە هۆکاری یەکەم و نەمانتوانیوە، دەرچەیەک بدۆزینەوەو بگەینە ئەو دەروازەیەی تیشکی ئومێدی بەدیهێنانی گوتاری پەروەردەیی بونیاد بنێین.

هەنگاوەکانی بەکارهێنانی گوتاری پەروەردەیی:

چەند هەنگاوێکی گرنگ و پێویست هەن، کە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکانی بواری پەروەردە یە، بەووردی ڕەچاویان بکەن ئەوانیش ئەمانەن:

١- دانانی کەسانی شارەزاو پسپۆڕ لەبوارە جیاوازەکانی پەروەردە

ئەم هەنگاوە دەستپێکی پلانێکی زانستی گرنگە بۆ دیاریکردنی خەوش و نارێکی و گرفتەکانی پرۆسەکە و دەسنیشانکردنیان، کە هەنگاوەکانی لە کۆڕبەندو سیمینارو ۆرکشۆپ ، دەست پێدەکات و لەناو ئەو بەشانە باشترین پلانکار دەستنیشان دەکرێت و هەنگاوەکانی دواتر دەخرێنە بواری پڕاکتیزەکردنەوە(جێبەجێ بوون).

٢- دروستکردنی لیژنەی جیاواز و تایبەتمەند

لەگـەڵ ئـەوەی هـەنگاوی خـاڵی یەکـەم، کەوتـە بـواری جێبەجێکردن، پێویستە لیژنە تایبەتمەندەکان و جیابکرێنەوە و تـا دەسـتبکرێت بـە دارِشـتنی بەرنامـەو دانـانی پلانـی گشتگیر بۆ ئەم بوارانە:

أ- بواری دەروونی (سایکلۆجی)

ب- بواری کۆمەلاَیەتی ( سۆسۆلۆجی)

ت- بواری زانستی

پ- بواری پرۆگرامەکان

ج- بواری ئەزمونی (جێبەجێکردن)

ح- بواری هەڵسەنگاندن



٣- دانانی پلانی گونجاوو زانسستی
پلانـدانان نەخشـەرێگەی هـەموو بـوارە دیاریکراوەکـانی پرۆسـەی پەروەردەیـە، لـەپێناو گەیشـتن بـە گوتـارێکی پـەروەردەیی هەمـە لایـەن ، کـە ئامـانجی پێشخسـتن و سەرخسـتنی ئـەو گوتـارە ڕوون و ڕەوانەیـە، کـە کـاری بۆدەکرێت.

٤-جێبەجێکردنی پلان و خستنە بواری پڕاکتیکی
پـلان کاتێـک دەزانرێـت، ئاسـتەکەی چۆنـە، لەچەنـدێتی و چۆنێتی، کە کاری لەسەر دەکرێت، ئەوەی گرنگە بۆ بواری گوتاری پەروەردەیی، هەنگاوەکانی دەبێت زۆر وورد بێت، یەکێک لـەکارە سـەرەتاییەکانی ئەنجامدانی پلانکە و خستنە بواری جێبەجێکردنە، دەبێت هـەموو کارێـک سـەرەتا چەند نمونەیـەک وەربگیرێـت، و بۆمـاوەی سـاڵێک بـە ووردی بخرێتە ژێر چاودێری و هەڵسـەنگاندنەوە، کاتێ دەرکـەوت پلانەکە، سەرکەوتووە، دەخرێتـە نـاو پرۆسـەی گشـتگیری و هەموو پەروەردەکان و شارەکان دەگرێتەوە.

٥-چاودێریکردن و هەڵسەنگاندن
یـەکێک لـەو هـەنگاوە گرنگانـەی کـە کـاری لەسـەر دەکرێت، پـاش ئـەوەی گوتارەکـە پەسـەندکرا، پێویسـتی بـە چـاودێریکردنی بـەردەوام هەیـە، ئـەویش لەلایـەن کەسـانی

شارەزاو پسپۆڕ دەبێت، نەک دانانی چەند کەسێک لەبەر ئەوەی
گەلی کورد بەهۆکاری نەبوونی دامەزراوەیی گرنگی دەوڵەتداری و بوونی ستەمی داگیرکاری و دوژمنایەتی ئەم نەتەوەیە، فاکتەرێکی دیارە کە نوتوانراوە، وەک نەتەوەکانی تر ببینە خاوەن گوتارێکی پەروەردەیی هاوچەرخ، لەگەڵ بوونی ئەو هۆکارە گرنگ و سەرەکییە، بەلاَم ناکرێ پاڵ بدەینەوە و هیچ نەکەین، دەکرێ ئەوە وەک نەتەوە، سەیر بکەین کە بێبەشکراوین و نەمانتوانیوە هەنگاوی باش لەبوارەکەدا بنێین، بەلاَم دەکرا لەو بەشەی ناوی هەرێمی کوردستانی عێراقە، دوای سی و یەک ساڵ، کاری زۆر باشتر و گرنگتر و هەنگاوی دیاتر بنرایە، بۆ پرۆسەی پەروەردە، هەروەها دەکرا بنچینەو بناغەیەکی نەتەوەیی بۆ گوتاری پەروەردە بخرایەتە ناو کایەکەو لە ئەنجام و داهاتووشدا، پارچەو بەشەکانی تری کوردستان، سودیان لێ ببینیایە، ئەوەی من دەیبینم و تێبینیم کردوە، نەک نەتوانراوە، ئەو هەنگاوە بنرێت، بەڵکو ئەوەی هەیە پێویستی زۆری بە چارەسەرو جێگرتنەوەی پلانكاری باشترو سەرکەوتووتر هەیە.
ئەوەی لە دابینکردن و دروستکردنی گوتاری پەروەردەیی ڕۆڵ دەگێڕێ، متمانە بەخۆبوونە، کە دەبێتە ئومێدی

دەستپێکردنی هەر هەنگاوێک، لەخۆڕا نیە، نوسەرو شاعیری بەریتانی (سمۆیل جۆنسۆن)دەڵێ: متمانە بەخۆبوون، یەکەم پێویستییە، بۆئەنجامدانی کاری گەورەو شکۆمەند).

لەکۆتاییدا، ئەوەی لەدستمان چووە، تەنها بە متمانە کردن و کارو پڕۆژە دەتوانین ، بەدەستی بێنین و بگەینە گوتارێکی پەروەردەیی هاوچەرخ و ئێمەش وەک گەلانی تر ببینە خاوەنی ئەو ئامانجە گەورەیەی ژیانی کۆمەڵگەکەمان.

## بەرھەمەچاپکراوەکانی نوسەر

١–وشه ڕەنگاڵەییەکان

٢– ئاوێزان بوونی سروشت و مێژوو

٣– ڕوانین بۆ ئایندە

٤– خواستی خەڵك لەزمانی قەڵەمەوە

٥– ئەو فرمێسکانەی وشك ناکەن

٦– سەمای بەفر

٧– پەلکە زێڕینەی خەیاڵ

٨– کوانووی ھەناسە تەریوەکان

٩– گەشتە مێژووییەکان

١٠– ئامانجە بالأكانی پەروەردە